# ئاسییە

نووسینی: ئیڤان تۆرگینێڤ **Ivan Turgenev**
وەرگێڕانی لە رووسییەوە بۆ فارسی: نووشین
رەسووڵ سوڵتانی کردوویەتی بە کوردی
٢٠١٣/١/٤

ن.ن. دەیگێڕاوە:

ـ ئەو کات تەمەنم بیست و پێنج ساڵانە بوو. وەك دەبینی، زۆر لەو کات تێپەڕیوە. من تازە لەسەر پێی خۆم راوەستابووم، کە سەفەرێکی دەرەوەم کرد، ئەویش نەك بۆ خۆ پێگەیاندن، وەك ئەودەم دەیانگوت، بەڵکو هەر بۆ ئەوەی دونیای خودا ببینم. گەنجێکی تۆکمە و لەشساغ و بەکەیف بووم. پارەم لێ نەدەبڕا و هەر نەمدەزانی خەم و خەفەت چییە. کورتی ببڕمەوە، هەڕەتی گەشە و هەڵدانم بوو. ئەو کات بە زەینیشیمدا نەدەهات کە مرۆڤ گژ و گیا نییە و ناتوانێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ گەشە بکات. خۆراکی لاوێتی، شیرینییەکی زێڕینە و پێی وایە ئەوە رێك نانە پێویستەکەی ژیانی رۆژانەیە، کەچی کاتێ سەر هەڵدێنیێ، نانی کۆن و بەیاتیش تەواو نییە. بەڵام جا ئەو قسانە سوودیان چییە.

بەبێ هیچ مەبەست و ئامانجێك بەبێ ئەوەی بەرنامەیەکی تایبەتم هەبێ، دەگەڕام و کوێم پێ خۆش بوایە لێی دەمامەوە و هەر کاتێکیش حەزی دیتنی خەڵکێکی تازەم کەوتبایەتە مێشکەوە، ئەوێم بەجێ دەهێشت و دەچوومە شوێنێکی دیکە. تاقە شتێکی زۆرم پێ خۆش بوو، دیتنی خەڵکی تازە بوو. رقم لە سەیرکردنی ئاسەواری کۆن و ئەو بینا و خانووانە بوو، کە سەرەنجی خەڵکیان رادەکێشا. بە دیتنی نۆکەر و کارەکەر دڵم دەگیرا و تووڕە دەبووم. لە

تەنانەت لە باخە سەوزەکەی (درێسدن)یشدا چیی نەمابوو شێت بم. سروشت کاریگەرییەکی لە رادەبەدەری لە سەرم هەبوو، بەڵام ئەو جوانییەی خەڵك لە چیا سەر بەتەمەکان و لە زەرد و رەوەز و تاڤگەکاندا بەدیی دەکەن و پێیان جوانە، من هیچ حەزم لێی نەبوو. نەمدەویست سروشت بەخۆیەوە خەریکم بکات و بمبەستێتەوە. کەچی بە پێچەوانە، بەبێ خەڵکی گەش و بەکەیف و قسەکردن و جموجۆڵ و پێکەنینەکانی ئەوان نەمدەتوانی بژیم. کە لە نێو خەڵکیدا دەبووم، ماندوو نەدەبووم و چێژم وەردەگرت. حەزم لێ بوو خەڵك دەچنە کوێ منیش بچم. ئەوان چۆن هاوار دەکەن، منیش وا بکەم و هاوکات پێشم خۆش بوو بزانم چۆنیش هاوار دەکەن. زۆرم حەز لە دیتنی خەڵك و سەیرکردنیان بوو... یان باشتر بڵێم، هەر سەیرم نەدەکردن، بگرە زۆر تاسابارانە و بە کونجکۆڵییەوە لێیان ورد دەبوومەوە. بەڵام ببورن دیسان خەریکە لە باسەکەی خۆم دوور دەکەومەوە.

بەو جۆرە بیست ساڵێك لەوە پێش، لە شاری (ز)، کە یەکێکە لە شارە بچووکەکانی ئەڵمان و کەوتووەتە بەری رۆژئاوای رووباری راین، نیشتەجێ بووم. دەگەڕام بەشکم گۆشەیەکی چۆل و بێدەنگ بدۆزمەوە و بەتەنێ بم. چونکە ماوەیەك بوو، بێوەژنێکی گەنجم لە ئاوە کانزاییەکاندا ناسیبووە و دڵم کەوتبووە سەری. ژنەتیوێکی جوان و ژیر بوو، نازی دەفرۆشت و دڵی خەڵکی بەتاڵان دەبرد، دڵی منی تاوانباریشی برد. ئەو زۆر هاندەرم بوو، کەچی دواتر جەرگی بڕیم و کردمی بە قوربانی ئەفسەرێکی سوورهولی

باڤاری. ئەگەر راستیت دەوێ، برینەکەی سەر دڵم دەردێکی زۆریش بێدەرمان نەبوو، بەڵام بە ئەرکی خۆمم دەزانی ماوەیەك تەنیا بم و خەفەتی لێ بخۆم. ئاخ گەنجێتی، خۆت بە هەموو شتێکەوە دەخافڵێنی. بەو شێوەیە بوو، لە شاری (ز) نیشتەجێ بووم.

ئەو شارەم زۆر کەوتبووە بەر دڵ. شارکە لە بناری دوو گرد هەڵکەوتبوو و دیوار و برجەکانی بەلاداهاتبوون و رووخابوون و پڕ بوو لە پیرەداری "زیزفۆن" و پردێکی چەماوە بەسەر رووبارێکی بچووکدا کە دەچۆوە نێو راین و لە هەموو ئەوانەش پتر حەزم زۆر لەو شەرابە هەرە باشەی بوو. دوای رۆژئاوابوون (مانگی جولای بوو) کچۆڵەی زۆر وردیلە و جوان و قژکاڵی ئەلمانی بە شەقامە تەسك و باریکەکانی شارەکەدا دەگەڕان. کە تووشی بیانییەك دەبوون، بە دەنگێکی زۆر دلڕفێن "شەوباشیان پێ دەگوتن". هەندێکیان تەنانەت ئەو کاتەی مانگیش دەهاتە سەر ماڵان و تریفەی داویشت و بردەچنی پردەکە لەبەری دەدرەوشایەوە، هەر نەدەچوونەوە ماڵەوە. زۆرم حەز لە پیاسەی شەوانی نێو شار بوو. دەتگوت مانگ لە ئاسمانە ساو و ساماڵەکەوە، سەیری شار دەکا و شاریش ئاگای لەو سەیرکردنەی بوو و هێمن و بێدەنگ خۆی دەخستە ئامێزی تریفەی مانگەوە. ئەو تریفە و رووناکییە بێ جووڵەیەی هاوکات وردە وردە کاری دەکردە سەر رۆح و ناخ. کەڵەشێرێکی ئاڵتوونی لەسەر برجی ئەو کڵێسەیەی بە شێوازی گوتیك دروست کرابوو، بریقەی دەهات. وردە شەپۆلی ئاو، لەسەر رووکاری رەش و روونی رووبارەکە، ئاڵتوونی دەچوونەوە. مۆمە باریکەکان ـ ئەڵمانی دەست پێوەگرن ـ لە پەنجەرە باریکەکانی ئەو ماڵانەوە کە لە بەردی تاشراوە دروست کرابوون،ترووسکاییەکیان دەهات. لکە باریکەکانی دارەمێو بە دزییەوە لە پشت پەرژینەکانەوە ملیان کێشابوو. لە گۆڕەپانێکی سێ گۆشەدا، لە سێبەرێك، لە نزیك کۆنە بیرێکەوە، شتێك رای دەکرد. لەو کاتەدا لە پڕ دەنگی فیکەی خەواڵووی پاسەوانێکی خەواڵوو هەڵدەستا و سەگێکی بێ زەرڕ، دەیمڕاند. شنەی شەوبا لە دەموچاوی دەدا و دەیلاواندەوە. درەختی سنۆبەر برنێکی زۆر خۆشیان بڵاو دەکردەوە. بۆنێك کە بنیادەم بەدەستی خۆی نەبوو، تێر هەڵیدەمژی و پیاو بەدەست خۆی نەبوو، هەر لە خۆوە و بەبێ پرسیار و سەرسووڕمان ناوی "ژن"ی دەهاتە سەر زمانی.

شاری (ز) دوو کیلۆمەتر لەولای راینەوەیە. من زۆربەی جاران دەچوومە سەیری ئەو رووبارە مەزنە و چەند سەعاتان لەسەر نیوکورسییەکی بەردین و لە بن تاقە دارێکی گەورە کە لەوێ بوو، دادەنیشتم و هەودای خەیاڵم دەچوە لای ئەو بێوەژنە بەدەهۆیە. پەیکەرە بچووکەکەی مەریەمی پاکیزە، خەفەتبارانە و بە رواڵەتێکی تەواو مندالانەوە، کە دڵێکی سووری لەسەر سینەی نەخشێنرابوو و شمشێرێکی هەڵیدرِیبوو و کوناودیوی کردبوو، لە نێو لك و پۆپەکەوە دەیڕوانی. شاری "ل" کەوتبووە بەستێنەکەی رووبەڕوومەوە. ئەو شارە تۆزێك گەورەتر بوو لەو شارەی من تێیدا نیشتەجێ ببووم. دوانیوەڕۆی رۆژێکیان هەر لە سەر

ئەو نیوکورسییەی خۆم دانیشتبووم. جاریّ سەیری رووبارەکە و جاریّکیش سەیری باخ و بێستانەکانم دەکرد. لە بەر دەممەوە، کۆمەڵێك مندالّی سەر زەرد، بە دیواری قیرتاوی قایقێك هەڵدەگەڕان کە لە ئاوەکە هێنابوویانە دەریّ و لە دەم ئاوەکە کەوتبوو. قایقەکان بادەوەکانیان هەڵدابوو و نەرم نەرم بەسەر ئاوەکەدا دەڕۆیشتن. شەپۆلە کەسکەکانیش شلّپ و هۆڕ خۆیان بە کەنارەکەدا دەکێشا و بە شانوپیلی یەکتری هەڵدەگەڕان. لە نەکاو گوێم لە دەنگی موزیکێك بوو. گوێم دایێ. لە شاری "ل" ئاوازی ڤالّس لیّ دەدرا و ئامێری چەلۆ جار نە جاریّ پچڕ پچڕ دەنگی دەهات و دەنگی فلووت گوێی کەڕ دەکرد و کەمان دەیلاواندەوە. پیرەمێردێك کە کراسێکی تەنکی بیّ قۆڵی لەبەر و جووتێ گۆرەویی پەمەیی لە پێدا بوو و پێلاّوەکانیشی بەسەر پێیانەوە کردبوو، بە لامدا تێدەپەڕی، لێم پرسی:

ـ ئەوە چ باسە؟

کابرا سەبیلەکەی لەم لا لێوەی هەڵگرت و خستییە سەر لالێوەکەی دیکە و گوتی:

ـ قوتابی لە شاری "ب"ـەوە هاتوونە ئێرە بۆ جێژنی "کومرش".

بەخۆمم گوت:"دەی وا باشە منیش بچم و ئەو کومرشە ببینم. جگە لەوەش خۆ هێشتا شاری "ب"م نەدیتووە. گەمییەوانێکم دۆزییەوە و خۆم گەیاندە ئەوبەری رووبارەکە.

لەوانەیە هەموو کەس نەزانێ کومرش چییە. کومرش جێژنێکی بەشکۆیە، کە قوتابیی وڵاتێك لەگەڵ هاورێکانیان لەو جێژنەدا لە دەوری یەك خڕ دەبنەوە. ئەوەی لەوێیە هەمووی جلوبەرگی تایبەتی قوتابییە ئەڵمانییەکان لەبەر دەکەن. ئەو جلوبەرگە زۆر لەمێژە بووەتە باو. بلووزێکی تایبەت و جزمەی ملیوان درێژ و کڵاوی بچووك، کە گوڵێنگ و گوڵی جوان جوانیان پێوە هەڵواسراوە. قوتابییەکان بە ئەمری سینیۆر واتە سەرگەورە و بەرپرس، دێنە سەر سفرەی نانخواردن و هەتا بەیانی دەیکەنە ئاهەنگ و جێژن. دەخۆنەوە و گۆرانیی جۆراوجۆر دەڵێن و جگەرەی دەکێشن و جنێو دەدەن بە فیلستێرەکان کە لایەنگری فەلسەفەیەکی تایبەتن و جاروبارەش ئۆرکێسترایەکیش داوەت دەکەن.

ئاهەنگێکی لەو چەشنە لە شاری "ل" و لە بەر دەم میوانخانەیەکی بچووك بە ناوی خۆر بەڕێوە دەچوو، کە لە نێو باخێکدا بوو و دەرگای باخەکەش لەولاوە دەچۆوە سەر شەقامەکە. کۆمەڵێك "ئاڵا"ش هەم بەسەردەرانەی دەرگای باخەکەوە و هەمیش لە سەر میوانخانەکە هەڵکرابوون و دەشەکانەوە. قوتابییەکان لەسەر مێزی بن درەختە زیزفۆنە جوانکراوەکان دانیشتبوون. لەو لاشەوە موزیکڤانەکان لە نێو کەپرێکدا، کە بە گوڵە لاولاو دروست کرابوو، بێ پسانەوە موزیکیان دەژەند و پەیتا پەیتا بە "بیرە" ماندوویەتیی خۆیان دەحەساندەوە. خەڵکێکی زۆر لە سەر شەقام و لەبەر پەرژینە کورتەکانی باخەکە خڕ ببوونەوە و دەیانویست ئەو هەلە بقۆزنەوە و بە جوانی ئەو میوانانە ببینن. منیش خۆم خستە نێو سەیرکەرانەوە.

زۆرم پێ خۆش بوو قوتابییەکان ببینم: ئەو باوەش بەیەکداکردن و هەرا و خۆبادان و جووڵە سادە و جوانانەی گەنجێتی، نیگای ئاگرین و پێکەنینی لەخۆڕایی، کە باشترین پێکەنینی دونیایە، ئەو هەمووە کەفوکوڵ و جۆش و خرۆشە لەگەڵ کەیفخۆشیی گەنجانە و بە گشتی ئەو ژیانە پڕ لە بەختەوەرییەی ئەوان لە رادەبەدەر کاری تێکردبووم و ئاگری دەدام و لەخۆمم دەپرسی:

باشە ئەوانە باش نییە هەر ئاوا بژین؟

لە پڕ لە پشتەوەم گوێم لە دەنگی پیاوێك بوو بە زمانی رووسی دەیگوت:

ـئاسیە بەس نییە؟

هەر بەو زمانە دەنگی ژنێك گوتی:"تۆزێکی دیکەش با راوەستین."

خێرا ئاوڕم داوە. گەنجێکی ژیکەڵەم دی، جلوبەرگێکی فشوفۆڵی لەبەر و کڵاوێکی لەسەر بوو و قۆڵی لە قۆڵی کچۆڵەیەك کردبوو. کچەش کڵاوێکی حەسیریی لەسەر بوو و هێنابوویە سەر نێوچاوانی. نازانم چۆن بوو پرسیم:"ئێوە رووسیین؟"

"بەڵێ، رووسیین."

ـ لە شوێنێکی ئاوا لاتەریك... قەت پێم وا نەبوو."

"وەڵا ئێمەش پێمان وانەبوو. با خۆم بناسێنم. من ناوم "کاگێن"ــەو و ئەویش... بۆ ساتێك زمانی گیرا ـ خوشکمە. ناوی بەڕێزت چییە؟"

منیش ناوی خۆمم پێ گوت و سەری قسەمان کردەوە. دیار بوو کاگێنیش وەك خۆم، هەر هاتبوو بۆ رابواردن. هەفتەی پێشوو گەیشتبووە شاری "ل" و لێرە مابۆوە. ئەگەر راستیت دەوێ لە شارێکی نامۆدا حەزم لێ نەبوو لەگەڵ رووسییەکان ئاشنابم. جا زۆر جوانیش هەر بە چۆنێتیی رێگارۆیشتن و دروومانی جلوبەرگ و لە هەمووش گرنگتر لە رواڵەتیانەوە دەمناسینەوە. رواڵەت و قەڵافەتێکی لەخۆبایی و خەڵك بەکەم گر و فەرماندەرانە، کە زۆر خێرا دەگۆڕدرا و دەبووە حاڵەتێکی پڕ لە ترس و پارێز... کە چاویان بە بنیادەم دەکەوت، زوو دەسڵەمینەوە و پارێزیان دەکرد. بە پەرۆشی و نیگەرانییەوە چاویان دەترووکاند... دەتگوت بەو روانینە خێرایانەیان لەخۆیان دەپرسن:"نەکا درۆیەکم کردبێ و گاڵتەم پێ بکەن. بڵێی وابێ؟"... بەڵام تاوێك دواتر دیسان وەك پێشوویان لێ دەهاتەوە و گران و سەنگین دەبوونەوە و زۆر جاران بێ ئۆقرە دەبوون و نەتدەزانی لەبەر چی... بەڵێ، من هەر خۆشیم لە رووسییەکان نەدەهات، بەڵام کاگێنم کەوتە بەر دڵ. لەو دونیایەدا قەڵافەتی وا هەن، ئاسەواری بەختەوەرییان تێدایە و هەموو کەسێك حەز دەکا سەیریان بکا. وەك ئەوەی تین و گوڕت پێ ببەخشن و بتلاوێننەوە. قەڵافەتی کاگێنیش یەکێك بوو لەو قەڵافەت و رواڵەتە لەبەردڵان و بلاوێنانە. نەرم و نیان و میهرەبان. چاو درشت و ناسك. سەروکاکۆڵێکی نەرم و جوان. کە قسەی دەکرد، بێت و چاوت لێی نەبوایە و هەر گوێت لە دەنگی بوایە، پێت وادەبوو بە پێکەنینەوە قسەت لەگەڵ دەکا.

ئەو کچەی کاگێن دەیگوت خوشکمە، لە یەکەم نیگادا زۆر شیرین و لەبەردڵان بوو. دەموچاوە ئەسمەرەکەی و لووتی رێك و جوان و کوڵمەی منداڵانەی و چاوە رەش و گەشەکانی، شتێکی بێ وێنە و تایبەت بەخۆیان تێدا بوو. بەژن و باڵاشی جوان بوو، بەڵام دەتگوت هێشتا تەواو هەڵنەداوە. کچۆڵەکە هیچ لە براکەی نەدەچوو.

کاگێن گوتی:

ـ حەزت لێیە بێیتە ماڵمان؟ وا دیارە بە کەیفی دڵمان سەیری ئەڵمانییەکانمان کرد. ئەوە گەنجەکانی خۆمان بوایەن، ئێستا هەموو ئەو بوتڵ و شووشەو مێزانەیان ورد و خاش دەکرد. بەڵام ئەوانە زۆر لەسەرخۆن. دەی ئاسیە، حەز دەکەی بڕۆینەوە ماڵ؟

کچە بە رەزامەندییەوە سەری لەقاند.

کاگێن لەسەری رۆیشت:

ـ ئێمە لە دەرەوەی شاری، لە نێو باخێکی رەزی سەر گردێك، لە ماڵێکدا حەواوینەتەوە... ئەوێ زۆر خۆش و دڵگرە. هەر بەراستی خاوەنماڵەکە بەڵێنی داوینەتێ ماستمان بۆ هەوێن بکا. ئیتر وا خەریکە تاریکدا دێ و تۆش وا باشترە  تا مانگە شەوە لە رووبارەکە بپەڕییەوە.

کەوتینە رێ. بە نێو دەرگا نەوییەکەی شاریدا (کۆنەدیوارێکی بەردین، کە هێشتا سواخەکانیشی بەری نەدابوو) گەیشتینە دەشتێکی رێك. دوای ئەوەی سەد شەقاوێك بە بن دیوارە بەردینەکەدا رۆیشتین، لە بەردەرگایەکی بچووك راوەستاین. کاگین دەرگاکەی کردەوە و بە بزنە رێیەکدا بەرەو گردەکە وەپێشمان کەوت. لەمبەروبەری رێیەکە و لەسەر بەردەکانیش وردە گیای ناسك سەریان دەرهێنابوو. خۆر تازە ئاوا دەبوو و تیشکە کز و سوورباوەکەی خۆر کەوتبووە سەر گەڵای رەز و پەلکی گوڵەکان و زەوییە وشك و بەردەڵانەکە و دیواری سپی و هەر چوار پەنجەرە رووناکەکەی ئەو ماڵەی لەسەر گردەکە بوو.

هەر گەیشتینێ، کاگین گوتی:

"ئەوەش ماڵی ئێمە. خاوەن ماڵیش ئەوە ماستمان بۆ دێنێ... ئێوارە باش خاتوون... هەر ئێستا دێین بۆ نان خواردنێ." و ئەمجار گوتی:"بەڵام لە پێشدا سەیرێکی دەوروبەر بکە، بزانە دیمەنەکەی چەندە جوانە؟"

جا هەر بەراستی دیمەنێکی جوان و بێوێنە بوو. راینی زیوین لە بەرامبەرمانەوە و لە نێوان هەر دوو بەستێنە کەسکەکەیدا دەبینرا. لە خاڵێکیشەوە، خۆری گڕگرتوو بە تیشکی زێڕین و خوێناویی خۆیەوە دەسووتا. هەموو ماڵ و کۆڵانەکانی ئەو شارە بچووکەی لە دەم رووبارەکە کڕ کەوتبوو، دیار بوون و گرد و تەپۆڵك و دەشتێکی کاکی بە کاکی دەوری شارەکەیان گرتبوو. خوارەوە جوان بوو و سەرەوە جوانتریش. بە تایبەتی ئاسمانی ساو و ساماڵ و بێ بن و هەوا خۆش و سازگارەکەی، کە هێدی هێدی دەشنایەوە، سەرسووڕهێنەر بوو. هەر دەتگوت شنەباش بە ئاسمانەوە سەما دەکا.

گوتم:

ماڵێکی باشتان دۆزیوەتەوە.

ـ ئەو خانووە ئاسییە پەیدای کرد. ئاسییە گیان، دەی هەستە و خەریك کاروبار بە و ئەمر بکە، نان و ماستەکەمان بۆ بێننە ئێرە لە دەرەوە دەیخۆین. لێرەوە زایەڵەی مۆسیقاکە باشتر دەبیسترێ.

دیسان رووی لە من کردەوە:

ـ هیچ ورد بوویەتەوە، هەندێ لە ڤاڵسەکان، کە لێیان دەچیتە پێشەوە زۆ رەق و ناخۆشن، بەڵام لە دوورەوە سیحراوین و هەموو تان و پۆی گیانت دەلەرێننەوە.

ئاسیە خۆی ناوی "ئانا" بوو. بەڵام کاگین بە ئاسییە بانگی دەکرد. ئێوەش ئیزنم بدەن بە ئاسییە ناوی بێنم. ئاسییە چۆوە ژووریّ و زۆر زوو لە گەڵ ژنە خانەخوێیەکە هاتەوە. هەر دووکیان سینییەکی گەورە و قاپێك ماست و پیاڵەیەك و کەوچك و شەکر و میوەی باوەڕێن و نانیان هێنا و دانیشتین دەستمان کرد بە خواردن. ئاسییە کڵاوەکەی دانا. قژە داهێنراوەکەی، کە وەك قژی منداڵان کورت کرابۆوە، لە یەك دوو جێ لوول بوو و کەوتبووە سەر گوێچکەی. لە پێشدا لە من دەسڵەمییەوە، بەڵام کاگین گوتی:

ـ ئاسییە، واز بێنە و وەرە پێشیّ، کچیّ خۆ ناتخوا.

ئاسییە زەردەیەکی هاتیّ و تاوێك دواتر خۆی سەری قسەی لەگەڵ دامەزراندم. لە ژیانمدا بوونەوەری ئەوەندە بزۆز و عەجوولم نەدیوە. بۆ ساتێکیش چییە ئۆقرەی نەدەگرت. هەڵدەستا. بەغاردان دەچۆوە ژووریّ و دیسان دەهاتەوە. لە بن لێوانەوە گۆرانیی دەگوت، بەردەوام پێدەکەنی. زۆر سەیریش پێدەکەنی.. دەتگوت بەو قسانە پێناکەنیّ کە دەیانبیستیّ، بەڵکو بەو فکر و خەیاڵانەی بە زەینیدا دەهاتن پێدەکەنی. چاوە گەورەکانی گەش بوون و ڕێك چاوی لە نێو چاوت دەبڕی و بیّ ترس سەیری دەکردی. بەڵام جاروبارەش کە پێڵووی دەترووکاند، لە پڕ نیگای قووڵ و نەرم و نیان دەبوونەوە.

ماوەی دوو سەعاتێك قسەمان کرد و هیچ نەما باسی نەکەین. دەمەوئێوارە هەواکەی وردە وردە وەك بڵێسەی ئاگر و دواتر ئەرخەوانی و ئەمجارە هەڵبزرکا و مات بوو و ئاخرییەکەی لەسەرخۆ بوو بە شەو و ئێمەش هەروا لەسەر خۆ قسەمان دەکرد. گاگین داوای شووشەیەك شەرابی ڕاینی کرد و بۆیان هێنا. دەستمان کرد بە خواردنەوەی. ئاوازی مۆسیقاکە، هەروا دەبیسترا و دەنگەکەی خۆشتر و ناسکتر ببۆوە. لە شاری و لە سەرووی رووبارەکەوە، چراکان تیشکیان داویشت. ئاسیە لەپڕ جۆرێك سەری داخست، کە پرچە لوولەکەی کەوتە سەر چاوەکانی. بێدەنگ بوو و ئاخێکی هەڵکێشا. ئەوجار گوتی، خەوم دیّ. هەستا و چووە ژووریّ. بەڵام ئاگام لیّ بوو، بەبیّ ئەوەی چرای ژوورەکەی بکوژێنێتەوە، ماوەیەك لە پشت پەنجەرە داخراوەکەی ژوورەکەیەوە راوەستا. ئاخرییەکەی مانگیش هەڵات و لەگەڵ رووباری راین کەوتە گەمە. هەموو شتەکان رووناك بوونەوە و رەنگیان وەبەر هاتەوە. تەنانەت شەرابەکەی ئێمەش لە پیاڵە تیفتیفەدراوەکانماندا بە شێوەیەکی سیحراوی درەوشایەوە. شنەبایەکەی خست. "با"یەکە دەتگوت باڵندەیەکە و باڵی لێك نا و مرد. گەرمای بۆنخۆشی شەوانە لە زەوییەوە هەستا.

من گوتم:"دەبیّ بڕۆم. ئەگینا دوایی قایقم دەست ناکەویّ."

گاگینیش گوتی:"کاتی رۆیشتنە."

لە کوێرە رێییەکەوە بەرەوخوار داگەڕاین. لە دواوەمان لەپڕ بەردەکان خلۆر بوونەوە:"ئەوە ئاسییە بوو، خۆی گەیاندبووە ئێمە."

براکەی لێی پرسی:"تۆ نەنووستی؟" بەڵام ئەو وەڵامێکی نەداوە و بە غاردان لێمان دوور کەوتەوە. دوایین گڕی ئەو مەشخەڵانەی قوتابییەکان لە باخی میوانخانەکەدا دایانگیرساندبوون، خەریك بوو دادەمرکانەوە و گەڵای دارەکانی لە بنەوەڕا رووناك کردبۆوە و دیمەنێکی خەیاڵبزوێنی شکۆمەندی پێ دەبەخشین. ئاسیەمان لە دەم رووبارەکە دۆزییەوە. خەریك بوو قسەی لەگەڵ گەمییەوانێك دەکرد. من خۆم فڕێ دایە نێو گەمییەکە و ماڵاواییم لە برادەرە تازەکانم کرد. گاگین بەڵێنی دا، بەیانی بێتە سەردانم. من توند دەستیم گوشی و دەستیشم بۆ لای ئاسییە راداشت. بەڵام ئەو هەر سەیری کردم و سەری راوەشاند. گەمییەکە لە کەناری رووبارەکە دوور کەوتەوە و بە سەر ئاوە خوڕەکەدا کەوتە رێ. گەمییەوانەکە پیرە پیاوێکی میهرەبان و نەرم و نیان بوو و توند و قایم سەوڵەکانی دەخستە نێو ئاوە تارەکەوە.
ئاسییە هەرای کرد:" بە نێو کۆڵەکەی تریفەی مانگەکەدا وەڕێ کەوتن و تیشکی مانگتان تێك دا.
سەیرێکی ناو ئاوەکەم کرد، ئاوە تاریکەکەی دەوروپشتی گەمییەکە شەپۆلی دەدا.
ئاسییە دیسان بانگی کردمەوە:
ـ خودات لەگەڵ بێ.
ئەوجار گوێم لە دەنگی گاگین بوو:
ـ تا بەیانی.
گەمییەکە گەیشتە ئەوبەری رووبار. دابەزیم و سەیرێکی دەوروبەرمم کرد. لەو بەرەوە کەس دیار نەبوو. تیشکی مانگەکە دیسان وەك پردێکی زێڕین لەم سەرەوە گەیشتبووە ئەو سەری رووبارەکە. دەنگی ئاوازی ڤالسێکی کۆن ـ دەتگوت بۆ ماڵاوایییە ـ دەهاتە گوێم. گاگین راستی دەکرد: هەستم دەکرد تان و پۆی ژیانم لە وەڵامی ئاوازە دڵبزوێنەکانیدا دەلەرینەوە. بە نێو دەشتە تاریکەکەدا رێگەی ماڵەوە گرتە بەر. هەوا بۆنخۆشەکەم لەسەر خۆ هەڵدەمشت. ماندووبەتییەکی شیرین و نادیار، کە لە چاوەڕوانییەکی بێبڕانەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەسەرمدا زاڵ ببوو. پێم وابوو بەختەوەرم... بەڵام بۆچی بەختەوەر بووم؟ حەزم لە هیچ شتێك نەبوو و بیریشم لە هیچ شتێك نەدەکردەوە. هەر بەختەوەر بووم و هیچ. دڵم ئەوەندە خۆش بوو، چیی نەمابوو لە خۆڕا قاقایەك بکێشم. چوومە جێوبانەکەمەوە و تازە چاوم لێك نابوو، کە لەپڕ بیرم کەوتەوە، خۆ من ئەمشەو بۆ تاقە جارێکیش ئەو جوانە دڵڕەقەم وەبیر نەهاتۆتەوە... جا لە خۆمم پرسی... یانی چی؟ چما من ئاشق نیم؟
بەڵام دوای ئەو پرسیارە زۆری نەخایاند کە وەك منداڵی بەر مەمکان خەو بردمییەوە.

بەیانیی رۆژی دوایی، تازە هەستابووم بەڵام هێشتا لە نوێنەکانم نەهاتبوومە دەرێ، کە گۆچانێك لە پەنجەرەکەمی دا و دەسبەجێ ناسیمەوە و زانیم گاگینە. هەرای کرد:

ـ ئەوە هێشتا هەڵنەستاوی؟

بە دەنگی گیتار هەڵتبستێم؟

رام کرد و دەرگام لێ کردەوە.

ـ بەیانیت باش. تۆزێ زووتر هاتمە لات. بەڵام خۆ دەبینی چ بەیانییەکی جوان و خۆشە. سرووشت گەش و شەونمی زیوین لەسەر پەلکی گوڵ و کەناری دەم بە گۆرانی...

ئەو خۆی بە سەروقژی لوول و سینگ و بەرۆکی کراوە و سەرکوڵمەی گەشەوە، وەك بەیانییەکە گەش و جوان بوو.

جلوبەرگم لەبەر کرد و لەگەڵی چوومە باخی. لەسەر نیوکورسییەك دانیشتین و داوامان کرد و قاوەیان بۆ هێنایین. سەری قسە کرایەوە. گاگین باسی ئەو نەخشە و فکرانەی کرد کە بۆ داهاتووی هەیبوو. دەیگوت، دەوڵەمەند و تێروپرە و سەربەخۆیە و دەیەوێ خەریکی شێوەکاری بێ و بەداخیش بوو لەوەی درەنگ بەخۆیدا هاتۆتەوە و کاتێکی زۆری بەفیڕۆ داوە. منیش باسی کاروبارەکانی داهاتووی خۆمم بۆ کرد. نەیشمارمەوە، باسی خۆشەویستییە ناکامەکەی خۆشمم بۆ کرد. زۆر ورد و جوان گوێی لێ دەگرتم، بەڵام ئەوەندەم زانی، بەسەرهاتی خۆشەویستییەکەم وای کار تێناکات هاودەرد و هاوخەمم بێ. هەر لەبەر دڵی من یەك دوو ئاخی هەڵکێشا. پێشنیاری کرد، بچین و لە ماڵەکەی بەرهەمەکانی ببینین. منیش دەسبەجێ گوتم باشە.

کە وەژوور کەوتین، ئاسییە لە ماڵەوە نەبوو. خاتوونی خانەخوێ دەیگوت چووەتە سەیری کاولاشەکان. هێندەی دوو کیلۆمەترێك لەولای شاری "ل" کاولاشی کۆشکێکی ئاغا و دەرەبەگان هەر مابوو. گاگین هەموو پۆرترێتەکانی خۆی نیشان دام. لە بەرهەمەکانیدا، ژیان و راستەقینە و هەر وەها ئازادیی و بەربڵاویی هزر و خەیاڵی بەدی دەکرا. بەڵام هیچ کامەیانی تەواو نەکردبوو. لە لایەکی دیکەشەوە، پێم وابوو وێنەکانی هەر وا لە خۆڕایی و کەمتەرخەمانە کێشاوەتەوە. راشکاوانەش رای خۆمم پێ گوت.

بە ئاخ و داخێکەوە گوتی:

ـ وایە، وایە. راست دەکەی. ئەوانە هەمووی کرچ و کاڵن و خراپن. بەڵام چ بکەم. ئاخر من بە گوێرەی پێویست فێری شێوەکاری نەبووم و جگە لەوەش، پەرش و بڵاوی و ئەو کەمتەرخەمییە بەنەفرەتبووە سلاڤییەش، کاری خۆی هەر دەکا. ئەو کاتەی حەزت لێیە کارێك بکەی، هەر ئەو ساتە وەك هەڵۆ دەفڕی

و پێت وایە خەریکی گۆی زەوی دەجووڵێنی، بەڵام کە دێیە سەر کارەکە و دەست پێ دەکەی، دەسبەجێ دادەهێزرێی و شەکەت دەبی.

ویستم هانی بدەم، بەڵام بەبێ ئەوەی گوێ بداتێ، هیوابڕاوانە دەستی راوەشاند و وێنە و پۆرترێتەکانی خستە نێو زەرفێکەوە و خستییە سەر نیوکورسییەکە و لەسەر خۆ گوتی:

"ئەگەر تاقەتم بێ و بەگوێرەی پێویست دان بەخۆمدا بگرم، لەوانەیە ببمە شتێك، ئەگینا هەر فەرخە ئاغایەکی کرچ و کاڵ دەبم و هیچی تر. فەرموو، وا باشترە پێکەوە بچین بزانین ئاسییە لە کوێیە.

کەوتینە رێ.

ڕێگای کۆشکە ڕووخاوەکە، بە شیو و دۆڵێکی پڕ داروبار و تەنگەبەردا بوو. جۆگەیەك بە نێوەڕاستی دۆڵەکەدا بە خوڕەخوڕ بە نێو بەردەکاندا دەڕۆیشت. دەتگوت هەڵپەیەتی زووتر خۆی بگەیەنێتە ئەو ڕووبارە پان و بەرینەی لەودیو گابەرد و ڕەوەزە ڕژدەکانی لووتکەی چیاکەوە دەدرەوشاوە. گگین چەند شوێن و دیمەنێکی گەش و جوانی نیشان دام. ئەگەرچی تاریفکردنەکەی، شێوەکارانە نەبوو، بەڵام پێوەی دیار بوو هونەرمەندە. زۆر زوو کاولاشی کۆشکەکە دەرکەوت. لە سەرووی گابەردێکی ڕووتەوە، برجێکی چوارگۆشەی ڕەش قوت ببۆوە. دیوارە قەوزەگرتووەکان بە برجەکەوە بوون. دیوارەکان پۆل پۆل لاولاویان پێ هەڵگەڕابوو و داپۆشیبوون و لە هەندێ شوێنەوە، ئەو لاولاوانە و دار و درەختی خێچ و خوار لە میچە تێك قرماوەکانی کۆشکەکەوە شۆڕ ببوونەوە. ئەستوندەکەکان خواروخێچ لە کونی میچە ڕماوەکانەوە دیار بوون. جادەیەکی بەردەڵێن، هەڵدەکشا بەرەو ئەو دەروازەیەی هێشتا جوان و ساغ مابۆوە. گەیشتبووینە بەر دەرگاکە، لە پڕ چاومان بە ژنێك کەوت، کە بە غاردان بەسەر کۆگای ڕووخاوەکاندا تێپەڕی و هاتە سەر دیوارەکەی بەرامبەر ئێمە و لەوێ ڕێك لەبەر هەڵدێرەکەوە ڕاوەستا.

گاگین هاندەرانە گوتی:

ئەوەش ئاسییە. ئەی لەو شێت و شوورە.

لە دەروازەکەوە چووینە حەوشەیەکی بچووك، کە نیوەی پڕ ببوو لە درەختی خۆ ڕسکی سێو و دەوەنی گەزنە. کوڕە خۆ ئاسییە هەر بەڕاستی لەسەر پلیکانەی دیوارێکی ڕووخاو دانیشتبوو. کچە ڕووی تێ کردین و پێکەنی. بەڵام لە جێی خۆی نەبزووت. گاگین بە سەربادانەوە هەڕەشەی لێ کرد و منیش هەرام کرد و بەدەنگی بەرز، لەسەر ئەو کەمتەرخەمی و بێ پارێزییەی لۆمەم کرد.

بەڵام گاگین نەیهێشت و بە سرتەیەك پێی گوتم:

ـ لێی گەڕێ با لاساری نەکا. تۆ نایناسی. لەوانەیە بە برجەکەشدا هەڵگەڕێ و بچێتە سەر. سەیر نییە. وا باشترە سەیری زیرەکییەکەی ئەو خەڵکەی ئێرە بکەین."

سەیرێکی دەوروپشتمم کرد. لە لایەکەوە، لە تەنیشتماڵێکی دارینی زۆر بچووك، پیرەژنێك گۆرەویی دەچنی و لە سەر چاویلکەکانییەوە سەیری دەکردین. ئەو پیرەژنە، بیرە و کولێرەناسکە و ساردیی گازداری دەفرۆشت. ئێمە لەسەر نیوکورسییەك دانیشتین و لە پیاڵەی قورسی کانزاییدا دەستمان کرد بە خوارادنەوەی بیرەیەکی فێنك. ئاسییە لاقەکانی خستبووە بن خۆی و هەر وا لەسەر دیوارەکە دانیشتبوو و لەچکێکی زۆر تەنکیشی بەسەریدا دابوو. لە لاتەنیشتەوە، دەموچاوە جوانەکەی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش لەگەڵ ڕووناکایی ئاسمانە سامالەکەدا نەخشی گرتبوو. بەڵام من بە دڵپڕییەوە سەیریم دەکرد. شەوی

رابردوو جموجۆڵێکی نا ئاساییم تێیدا بەدی کردبوو... بەخۆمم دەگوت:"دەیەوێ خۆی بنوێنێ و سەرسامان بکا. باشە بۆ؟ پێویستە؟ ئەو هەڵسوکەوتە منداڵانەیە یانی چی؟"
ئاسیە دەتگوت زەینی منی خوێندووتەوە، لە پڕ توند و کاریگەر سەیرێکی کردم، دوای ئەوە پێکەنی و بە دوو قەڵەمباز لە دیوارەکە خۆی فڕێدایە خوارەوە و چووە لای پیرەژنە بیرە فرۆشەکە و داوای ئاوی کرد.
ئەوجار رووی کردە براکەی و گوتی:
ـ پێت وایە ئاوم بۆ خۆم دەوێ؟ نا، کۆمەڵێك گوڵ لەسەر دیوارەکە شین بوونەتەوە، دەبێ ئاویان بدەم.
گاگین هیچی نەگوت. ئاسییە بە پەرداخی ئاوەوە لە کاولاشەکان چووە سەرێ. جار نە جارێ رادەوەستا و دادەهاتەوە و بە خۆنواندنێکی شیرینەوە، چەند دڵۆپە ئاوێکی لە پەرداخەکەوە ـ کە لەبەر تیشکی خۆرەکە دەدرەوشاوە ـ رۆدەکرد. جموجۆڵ و هەڵسوکەوتەکەی زۆر شیرین و لەبەردڵان بوو و ئەگەرچی بەدەست خۆم نەبوو، سەیری هەڵسوکەوتی نەرم و لێهاتووانەیم دەکرد، بەڵام تووڕەشی دەکردم. لە شوێنێکی زۆر مەترسیدار، بە ئەنقەست زریکاندی و دواتر قاقایەکی کێشا... من تووڕەتر بووم.
پیرەژنە، کە تاوێك گۆرەوی چنینەکەی لەبیر چووبۆوە و سەیری دەکرد، گوتی:
ـ کچێ بەو هەڵبەز و دابەزەیەوە، دەڵێی بزنە.
ئاخرییەکەی ئاسییە پەرداخەکەی بەتاڵ کرد و لە حاڵێکدا بزۆزانە خۆی بادەدا، هاتە لامان. زەردەخەنەیەکی سەیر، برۆ و قولینچکی لێوی و پەڕەی لووتی دەلەراندەوە و چاوە رەشەکانی تۆزێك چاوقایمانە و شادەمان قیچ بوونەوە.
لە روخساریدا بەدی دەکرا:
"کەیفتان بە هەڵسوکەوتی من نایە؟ زۆر گرنگ نییە. دەزانم چەند بەخۆشییەوە سەیرم دەکەن."
گاگین لەسەرخۆ گوتی:
ـ هەر بژی ئاسییە. ماڵم قەبرە، هەموو کارەکانت لەوپەڕی خۆیدا بوو.
ئاسییە، شەرمەزار، برژۆڵە درێژەکانی داخست و وەك بنیادەمێکی گوناحبار و شەرمن لە تەنیشتمان دانیشت. یەکەم جار بوو، وا لە دەموچاوی ورد دەبوومەوە و هەستم کرد، لە ژیانمدا روخسارێکم نەدیتووە ئاوا بە ئاسانی بگۆڕدرێ. تاوێکی پێ نەچوو، رەنگی بە روخسارییەوە نەما و حاڵەتێکی خەفەتبار و خەمۆکی لێ نیشت و هێڵەکانی روخساری لەبەر یەك کشانەوە و سادەتر و شێلگیرتر هاتە بەر چاوم. ئاسییە ئیتر کڕ و بێدەنگ بوو. بە دەوری کاولاشەکەدا سووڕاینەوە و ـ ئاسییە بە دوومانەوە بوو ـ سەیری دیمەنەکانیمان کرد. خەریك بوو نیوەڕۆ و کاتی نانخواردن دەهات. گاگین پارەی بیرەکەی دەدا. داوای پەرداخە بیرەیەکی دیکەی کرد و رووی لە من کرد و بە تەوسەوە گوتی:

ـ بە خۆشیی نازەنینە دڵڕفێنەکەی تۆ.

ئاسییە دەسبەجێ پرسیی:

ـ چما ئەو... بۆ تۆ خۆشەویستت هەیە؟

گاگین گوتی:

ـ جا کێ نییەتی؟

ئاسییە ساتێك لە فکرەوە رۆچوو و دیسان روخساری گۆڕدرا و زەردەخەنەیەکی تەوساوی و چاوقایمانەی لە روخساریدا دەرکەوتەوە.

لە کاتی گەڕانەوەدا هەر لە خۆوە پێدەکەنی و بزۆزیی دەکرد و چڵە دارێکی درێژی شکاندبۆوە و وەك تفەنگ لە سەر شانی دانابوو. لەچکەکەشی لە دەوری سەری ئاڵاندبوو. لەبیرمە، لە رێگا تووشی چەند ئینگلیزێکی قژکاڵ بووین. هەر هەموویان وێکڕا، دەتگوت بە فەرمانی کەسێك، لە سەر خۆ، چاوە شینەکانیان بڕیبووە ئاسییە. ئاسییەش دەتگوت لە داخی ئەوان، تێی چریکاند لە گۆرانییەك. کە گەیشتینەوە ماڵێ، ئاسییە چۆوە ژوورەکەی و هەر کاتی نانی نیوەڕۆ، جلوبەرگەی هەر جوانەکەی خۆی لەبەر کردبوو و سەروقژی جوان و زەریف داهێنابوو و پشتوێنێکی توند لە کەمەری بەستبوو و دەستەوانەی لە دەستی کردبوو، جا هاتەوە لامان. زۆر بە ئەدەبەوە و دەکرێ بڵێی تۆزێکیش ساردوسڕ لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو. تۆزە تۆزە دەیخوارد و بە پەرداخێکی بچووك ئاوی بەسەردا دەکرد. دەتگوت دەیەوێ دەورێکی نوێ بۆ من بگێڕێت. دەوری کچۆڵەیەکی بە ئەدەب و جوان پەروەردەکراو. گاگین زۆری گوێ نەدەدایێ. دیار بوو ئەوەندەی پێوە ماندوو نییە و سەری خۆی پێوە نایەشێنێ. جار نە جارێك نەبێ، ساویلکانە سەیرێکی منی دەکرد و شانێکی هەڵدەتەکاند، دەتگوت دەیەوێ پێم بڵێ:

ـ چیی لێ بکەم، منداڵە. تکایە لێی خۆش بن."

هەر نانی نیوەڕۆمان خوارد، ئاسییە هەستا. ئەژنۆی دادا و کڕنۆشی برد و کڵاوەکەی لەسەر کردەوە و لە براکەی پرسیی:

ـ دەکرێ بچمە سەردانی خاتوو لویزا؟

گاگین بە زەردەخەکەی خۆیەوە، بەڵام ئەمجارەیان تۆزێ شەرمەزارانە، گوتی:

ـ ئەوە لە کەیەوە فێری ئیزن وەرگرتنێ بووی؟ نەکا تاقەتت نییە لەگەڵمان دانیشی؟

ـ نا وا نییە. هەر دوێنێ بەڵێنم بە لویزا دا، بچمە سەردانی. لە لایەکی دیکەشەوە، پێم وایە باشترە پێکەوە بن. لەوانەیە جەنابی "ن" ـ ئاماژەی من کرد ـ شتێکی نوێت بۆ بگێڕێتەوە.

ئەوەی گوت و کەوتە رێ.

گاگین، که هەوڵی دەدا چاوی لە چاوم نەئاڵقێ، گوتی:

ـ خاتوو لویزا، بێوەژنی شارەوانەکەی پێشووی ئەم شارەیە. پیرەژنێکی میهرەبانە، بەڵام هیچی لە باراندا نییە. ئاسییەی زۆر خۆش دەوێ. ئاسییەش زۆری حەز لێیە خەڵکی توێژی خوارەوە بناسێ. لێشم روون بووەتەوە، جا بۆشم دەرکەوتووە لە لووتبەرزییەوەیە وای پێ خۆشە. ئاسییە کچێکی نازکێشراوی لەخۆباییە. دەی چ دەکرێ؟ من ناتوانم کەس دادگایی بکەم، جا ئەویش لە سەرووی هەمووانەوە. کەوابوو دەبێ گوێی نەدەمێ و لێی خۆش بم.

من هەروا کپ و بێدەنگ بووم و گاگینیش باسەکەی گۆڕی. چەندی پتر دەمناسی، ئەوەندە زیاتر خۆشم دەویست و دەکەوتە بەر دڵم. زۆر زووش قووڵایی رۆحیم ناسی. ئەو هەر بەراستی رۆحێکی تەواو رووسیی هەبوو. واتە دادگەر و بەشەرەف و بێ خەوش و بێ فرتوفێڵ بوو. بەڵام بەداخەوە تۆزێك خەمۆك و بێ جیکڵدانە و ساردوسڕ بوو. کەفوکوڵ و جۆشوخرۆشی گەنجێتیی تێدا نەبوو، تڕووسکاییەکی کزی تێدا بوو. گەنجێکی نەرم و نیان و زیرەك بوو، بەڵام نەمدەزانی و نەدەهاتە بەرچاوم کە ئەگەر ببێتە پیاوێکی تەواو، چۆن دەبێ؟ شێوەکار؟ بەڵام بەبێ ئیشی بەردەوام و خۆماندووکردن و شەو و شەونخوونی، کەس ناتوانێ ببێتە شێوەکار... کاتێکیش هەڵسوکەوتی نەرم و نیان و قسەکردنە لەسەخۆ و هێدییەکەیم دەدی، دەمگوت: نا، تۆ پیاوی هەوڵ و خۆماندووکردن نی. تۆ ناتوانی خۆت ماندوو بکەیت. بەو حاڵەشەوە نەمدەتوانی خۆشم نەوێ و وازی لێ بێنم. لە خۆوە پیاوی بەرەولای خۆی رادەکێشا. چوار سەعاتێك پێکەوە بووین. جارێ دادەنیشتین و جارێ لە دەرەوەی ماڵەوە دەگەڕاین. لەو چوار سەعاتەدا تەواو یەکترمان بەردڵ کەوت.

خۆر ئاوا بوو و دەبوو بچمەوە ماڵێ. ئاسییە هێشتا نەهاتبۆوە.

گاگین گوتی:

ـ ئەوەتا دەیبینی، چەندە سەرەڕۆیە. حەزت لێیە لەگەڵت بێم؟ لە سەر رێگەمان سەرێکیش لە لویزا هەڵدێنین، بزانین ئاسییە هێشتاش لەوێیە؟ رێگەیەکی زۆر دوور نییە.

چووینە شاری، گەیشتینە کۆڵانێکی تەسك و پێچەڵپێچ و لە بەر دەرگای ماڵێکی چوار نهۆم، کە هەر هێندەی دوو پەنجەرە بەرین بوو، راوەستاین. نهۆمی دووەم پتر لە نهۆمی یەکەم بەرەو کۆڵانەکە هاتبووە پێشەوە و نهۆمی سێهەمیش لە نهۆمی سێهەم و چوارەمیش پتر لە نهۆمی دووەم. گەچ و نەخشی ماڵەکە کۆن ببوو و دوو کۆڵەکەی ئەستووری درابووە بەری و سەربانە قۆچەکەشی بە سواڵەت داپۆشرابوو و کۆلانکەیەکی وەك دندووکی باڵندە، لە باڵندەیەکی کووڕ دەچوو.

گاگین هەرای کرد:

ـ ئاسییە، لیّرەی؟
پەنجەرە رووناکەکەی نهۆمی سیّهەم دەنگی هات و کراوە. دەموچاوی ئاسییە لە تاریکییەکەدا دەرکەوت.
بە دوای ئەودا پیرەژنیّکی بیّ ددان و چاوکزی ئەلمانیمان دیت.
ئاسییە بە ناز و لەنجەیەکەوە، ئانیشکی لەسەر شیپانەی پەنجەرەکە دادا و گوتی:
ـ لیّرەم. ئیّرەم پیّ خۆشە. وەرە، ها ئەوە.
ـ ئاسییە چلّە گولّیّکی بەرداوە خواریّ و گوتی:
ـ وای دانیّ من نازەنینە دلّرفیّنەکەی تۆم.
خاتوو لیز دایە قاقای پیّکەنین.
گاگین گوتی:
ـ "ن" دەرواتەوە. دەیەویّ مالاّواییت لیّ بکا.
ئاسییە وەلاّمی داوە:
ـ هەر بەراست، لقە گولّەکە بدە بەو. ئەوە دیّم.
پەنجەرەکەی داخستەوە و دەتگوت لویزای ماچ کرد. گاگین بەبیّ ئەوەی هیچ بلیّ، گولّەکەی دا بە من. منیش لە گیرفانم نا و بەرەو گەمییەکە کەوتمە ریّ و رۆیشتم.
لەبیرمەن کە دەچوومەوە مالیّ، بیرم لە هیچ شتیّك نەدەکردەوە. بەلاّم دلّم گیرابوو. لە پڕ بۆنیّکی خۆش و ئاشنا، کە لە ئەلمان زۆر دەگمەنە بەسەرمدا هات و پیّم سەیر بوو. راوەستام و لە دەم ریّگاکە، باخچەیەکم دی پڕ لە گولّی شاینە. بۆن و بەرامەی لیّرەوارەکە خستمییەوە بیر نیشتمانەکەم و خەمی دوورییەکەی لە ناخمدا بەخەبەر هات. حەزم لیّ بوو بۆنی رووسیا هەلّمژم و بەسەر خاکەکەی رووسیادا هەنگاو بنیّم. بەخۆمم دەگوت:"لیّرە چ دەکەم؟ بۆچی لە ولاّتی بیّگانان و لە نیّو خەلّکیّکی نامۆدا و دوور لە نیشتمانەکەم ئازار دەچیّژم؟"
لە پڕیّکدا ئەو دلّپڕییەم لیّ بوو بە هەژانیّکی تالّ و سووتیّنەر. ئەو شەوە بە باریّکی دەروونیی دیکەوە گەڕامەوە مالیّ. تووڕە و تۆسن بووم و ماوەیەك زۆر نەمدەتوانی خۆم هیّور بکەمەوە. داخ و کەسەریّکی نامۆ ئازاری دەدام. ئاخرییەکەی دانیشتم و کەوتمەوە بیر دلّبەرە فریودەرە ئەلمانییەکەم. ـ هەموو رۆژیّکم بە یادی ئەو خاتوونەوە دەکردە شەو. جا یەکیّك لە نامەکانیم هەلّگرت. بەلاّم نەمکردەوە. فکرم چووە لایەکی دی. بیر و هۆشم هەر لای ئاسییە بوو. بیرم کەوتەوە، کە گاگین لە کاتی قسەکردنیدا تیّی گەیاندم، کیّشەی نییە بگەڕیّتەوە رووسیا. بە دەنگی بەرز بەخۆمم گوت:
ـ واز بیّنە. چۆن دەکریّ ئاسییە خوشکی ئەو بیّ؟

جلەکانم داکەند و درێژ بووم. هەوڵم دەدا خەوم لێ بکەوێ. بەڵام سەعاتێکی پێ چوو و دیسان هەستامەوە لە سەر جێیەکەم دانیشتم. ئانیشکم دایە سەر بالیفەکە و دیسان کەوتمەوە بیری ئەو کچەتیوە، هەوەسبازە دەم بە پێکەنینە... بەخۆمم دەگوت"لەشولارە ناسکەکەی دەڵێی لەشولاری "گالاتە"ی رافاییلە بە "فارنزینا"دا. بەڵێ، ئاسییە خوشکی ئەو نییە..."

نامەی بێوەژنە ئەڵمانییەکە کەوتبووە سەر عەرزی و لەبەر تیشکی مانگەکە، سپی دەچۆوە.

بەیانیی رۆژی دوایی، چوومە شاری "ل". بەخۆمم دەگوت، دەمەوێ کاگین ببینم، بەڵام زیاتر حەزم لێ بوو، بزانم ئاسییە چ دەکا، ئاخۆ هەر وەك دوێنێ خەریکی بزۆزییە؟ کە چوومەوە ماڵەکەیان، هەر دووکیان لە ماڵەوە بوون و سەیر ئەوە بوو، ـ لەوانەشە لەبەر ئەوە بووبێ کە شەوێ تا بەیانی هەر بیرم لە ئاسییە دەکردەوە ـ ئاسییە لە بەر چاوم کچێکی تەواو رووسی بوو. کچۆڵەیەکی سادەی رووسی، تا رادەیەك کارەکەرێکی رووسی. جلێکی کۆنی لەبەردا بوو. کەزیی خستبووە پشت گوێی و لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتبوو و جووڵەی نەدەکرد و خەریکی چنینی شتێك بوو. ئەوەندەش شەرمن و ئارام و بێدەنگ خەریکی کارەکەی بوو، دەتگوت لە ژیانیدا جگە لەوە ئیشێکی دیکەی نەکردووە. هیچ قسەی نەدەکرد، هەموو هۆش و زەینی بەسەر کارەکەیەوە بوو. دەموچاوەکەی ئەوەندە سادە و بێ خەوش بوو، بەخۆم نەبوو، کەوتمەوە بیر کاتیا و ماشیا، کە لە ماڵەکەی خۆماندا لەدایك ببوون. لەو کاتەشدا بۆ ئەوەی ئەو وێکچوونە کامڵ و تەواو بکات، گۆرانییە فۆلکلۆرییەکەی "ماتۆشکا گالوبوشکا"ی لە بن لێوەوە گوتەوە. سەیرێکی دەموچاوە زەردەڵە و لاوازەکەیم کرد. ئارەزووەکانی دوێنێم کەوتەوە بیر، کە غەریبیی رووسیام کردبوو و داخ و کەسەرم بۆ شتێکی نادیار هەڵڕشت. هەواکەی زۆر خۆش بوو. گاگین دەیگوت، حەز دەکات بچێتە دەرێ و چەند تابلۆیەکی سرووشت بکێشێتەوە. لێیم پرسی، ئاخۆ دەکرێ لەگەڵی بچم، سەرودڵی ناگرم؟

گوتی:

ـ بەپێچەوانەوە، تۆ دەتوانی زۆریش رێنوێنم بیت.

گاگین کڵاوە گەڕگەڕییەکەی لەسەری نا. بلووزەکەی لەبەر کرد و کەلوپەلەکەی خستە بن هەنگڵی و کەوتە رێ. منیش بە دوایدا. ئاسییە لە ماڵەوە بەجێ ما. گاگین تکای لێ کرد ئاگای لە "سوپ"ـەکە بێ زۆر شل و روون دەرنەچێ. ئاسیپەش بەڵێنی پێ دا سەری چێشتخانەکە بدا. گاگین چووە ئەو شیوەی منیش چووبووم. لەوێ لەسەر تاتە بەردێك دانیشت و دەستی کرد بە کێشانەوەی پیرە دار بەڕوویەکی نێو هولۆڵ و پڕ لك و پۆپ. من لەسەر گژ و گیایەکە درێژ بووم و کتێبێکم بە دەستمەوە گرت، بەڵام نەمتوانی تەنانەت دوو لاپەڕشی لێ بخوێنمەوە. گاگین بەردەوام کاغەزی رەش دەکردنەوە و فڕێی دەدان. پتر قسەمان دەکرد و من پێم وابوو، باسێکی قووڵ و ورد لە نێوانماندا هەبوو لەسەر ئەوەی شێوەکار دەبێ چۆن کار بکا و خۆ لە چ شتێك ببوێرێ و گرنگی بە چ شتێك بدا و بە گشتی پێگە و گرنگیی شێوەکار لە سەردەمی ئێمەدا. ئاخرییەکەی گاگین گوتی:"دەستی بۆ کار ناچێ." لە تەنیشتم لێی درێژ بوو و ئیتر بە

ئازادی و مێرمنداڵانە کەوتینە قسە. قسەکانمان جاری وابوو پڕ کەفوکوڵ و جاری واش بوو قووڵ و هزری و جار بە جارێش بەجۆشوخرۆش دەبوون. لە هەموو قسەکانماندا بەردەوام قسەی ناڕوون و پڕ نهێنی ـ لەو قسانەی پیاوی رووسی حەزی لێیە پرێسکەی دڵی خۆی پێیان هەڵرێژێ ـ هەبوو.

کە لە چەنەلێدان بووینەوە و باری دەروونمان سووک بوو، دەتگوت دەستمان بە کارێک کردووە و تەواویشمان کردووە. هاتینەوە ماڵێ. ئاسییەم بەیانی چۆن دیتبوو، هەروابوو. چەندی لێی ورد بوومەوە، هیچ ئاسەوار و نیشانەیەکی ناز و لارولەنجە و جووڵەیەکی وام لێ نەدی بڵێی دەیەوێ دەورێکی نوێ بنوێنێ. ئەمجارە بۆ ئەوەی نەدەبوو، لە سەر هەڵسوکەوتی نا ئاسایی و خۆنواندنەوە سەرکۆنە و لۆمەی بکەی.

گاگین دەیگوت:

ـ سەیرە، ئەمڕۆ ئاسییە تۆبەی کردووە و پەشیمان بووەتەوە.

ـ لای عەسرێ، ئاسییە بەبێ ئەوەی وا بنوێنێ کە ماندووە، چەند جارێک باوێشکی دا و زۆر زوو چۆوە ژوورەکەی خۆی. منیش تاوێک دواتر ماڵاواییم لە گاگین کرد و بەرەو ماڵەوە کەوتمە رێ. لە ماڵێ ئیتر بیرم لە هیچ شتێک نەدەکردەوە. ئەو رۆژە ئیتر دەمزانی هەستم چییە و چۆن بیر دەکەمەوە. لەبیرمە کە راکشام بنووم، بە دەنگی بەرز بەخۆمم گوت:

ـ ئەی لەو کچەتیوە فێڵبازە، هەر ساتەی لە سەر هەوایەکە.

ئەمجار دوای تۆزێک بیرکردنەوە دیسانەوە گوتم:

ـ هەرچۆنێک بێ، ئەوە خوشکی گاگین نییە.

دوو هەفتەی بەسەردا تێپەڕی. لەو دوو هەفتەیەدا هەموو ڕۆژێ دەچوومە سەردانی گاگین. ئاسییە دەتگوت خۆم لێ دەشارێتەوە، بەڵام ئیتر هیچ لەو شەیتانی و بزۆزییانەی یەکەم و دووەم ڕۆژی نەمابوو. دەتگوت خەمێکی لەدڵی دایە و بەخۆیدا شکاوەتەوە، تەنانەت بەدەگمەنیش پێ دەکەنی. من زۆر ورد و کونجکۆڵانە لێی ورد دەبوومەوە.

ئاسییە زۆر بەجوانی فەڕەنسی و ئەڵمانیی قسە دەکرد. بەڵام لە هەموو شتێکییەوە دیار بوو، لە منداڵیدا لەبەردەستی ژناندا گەورە نەبووە و پەروەردەیەکی نائاسایی هەبووە. هەر بۆیەش هیچ لە گاگین نەدەچوو. گاگین سەرەڕای ئەوەی کڵاوێکی خڕی گەڕگەڕیی لەسەر و بلووزێکی لەبەردا بوو، ڕەنگ و بۆنی نەجیمزادەیەکی نازدار و گران و سەنگینی رووسیی پێوە دیار بوو، بەڵام ئاسییە هیچ لە کچە ئاغا و دەرەبەگان نەدەچوو. خەمێکی تایبەت لە جووڵە و هەڵسوکەوتیدا بەدی دەکرا. دیار بوو ئەو نەمامە کێوییە تازە متوربە کراوە. ئەو شەرابە هێشتا لەکوڵ نەچووەتەوە و دانەمرکاوەتەوە. شەرم و سرکی، لە ناخیدا بوو. کچەش خۆی لەو شەرم و سرکییەی ناڕەحەست بوو و هەوڵی دەدا ئەو زنجیرە بپسێنێ یەو بە زۆرەملێ خۆی ئازاد و بێ ترس بکا، بەڵام هەوڵەکەی جاروبارە سەری نەدەگرت. من چەند جاران قسەم هێنایە سەر ژیانی لە رووسیا و رابردووی و هەندێ پرسیارم هێنایە گۆڕێ، بەڵام ئەو زۆر ساردو سڕ و بەبێ مەیلی وەڵامی پرسیارەکانمی دەداوە. سەرەڕای ئەوەش زانیم بەر لەوەی لە رووسیا بێنە دەرێ، لە گوند ژیاوە. جارێکیان دیتم سەری خستبووە سەر هەر دوو دەستی و پەنجەکانی خستبووە نێو قژی و کتێبێکی لەبەردەم بوو و بەچاو وشەکانی هەڵدەلووشی.

لێی چوومە پێشێ و گوتم:

ـ هەر بژی، ئەندە ورد دەخوێنییەوە.

سەری هەڵێنا و چاوی لە چاوم بڕی و گوتی:

"ئەی پێت وایە هەر دەتوانم قاقا بکێشم و هیچی دی..."

ئەوەی گوت و دەیەویست خۆم لێ بدزێتەوە. سەیرێکی ناوی کتێبەکەیم کرد، ڕۆمانێکی فەڕەنسی بوو. گوتم:

ـ ئەوە چ کتێبێکە هەڵتبژاردووە، هیچ کەیفم پێی نایە.

گوتی:

ـ ئەی چ بخوێنمەوە.

کتێبەکەی فڕێ دایە سەر مێزەکەی و دیسان گوتی:

ـ کەوابوو باشتر وایە هەر بزۆزییەکانم بکەمەوە.

ئیتر رای کردە نێو باخەکەوە.

هەر ئەو رۆژە عەسرەکە، "هێرمان و دۆروتی"*م بۆ گاگین دەخوێندەوە. ئاسییە لە پێشدا دەهات و بە تەنیشتماندا تێدەپەڕی، ئەوجار راوەستا و گوێی هەڵخست. بەسپایی لە تەنیشتمەوە دانیشت و هەتا تەواو بووم گوێی راگرت. بۆ سبەینێ، دیسان ئاسییە سەیر و سەمەرە هاتەوە پێش چاوم. تا ئەوەی تێگەیشتم کە ویستوویەتی وەك "دۆروتی" ژنێکی کابان و گران و سەنگین بێ. هەر بەراستی ئەو کچۆڵەیە نیوە مەتەڵۆکەیەك بووز تا بڵێی بەحەیا بوو. هەر بۆیەش زۆر سەرنجمی رادەکێشا. تەنانەت ئەو کاتانەی لێشی قەڵس و تووڕە دەبووم. وردە وردە شتێکم لێ روون دەبووەوە، ئەویش ئەوەیکە، ئەو خوشکی گاگین نییە. گاگین وەك برایەك لەگەڵی نەدەجووڵاوە. چونکە زۆر لەگەڵیدا نەرم و نیان بوو و زۆری لێ خۆش دەبوو و هاوکات تا رادەیەکیش نائاسیی دیار بوو.

رووداوێکی سەیر و سەمەرە، بۆچوونەکەمی سەلماند.

رۆژێکیان دوانیوەڕۆ چوومە ماڵەکەی گاگین و سەیرم کرد، دەرگای رەزەکە داخراوە. دوای تاوێك بیرکردنەوە، بەرەو ئەولایەی پەرژینەکە رۆیشتم کە تۆزێ نەوی ببۆوە و رووخابوو و پێشتریش دیتبووم. لەوێوە خۆم فرێدایە ئەودیوی. لە نزیك ئەوێوە، لە دووری جادەکەوە، کەپرێك بە ئەقاقیا دروست کرابوو. کە گەیشتمە ئەوێ و ویستم تێپەڕم لە پڕ دەنگی ئاسییە پێی بە عەرزەوە وشك کردم، کە بەکوڵ دەگریا و دەیگوت:

ـ نا، جگە لە تۆ نامەوێ کەسم خۆش بوێ، هەر تۆ، هەتا دەمرم.

گاگین دەیگوت:

ـ بیبڕەوە ئاسییە. بەسە. لەسەرخۆ بە. تۆ دەزانی من بڕوات پێ دەکەم.

ـ گوێم لە قسەکانیان دەبوو و هەردووکیشیانم لە نێوان چڵوچێوی تێکچنراوی کەپرەکەدا دەدی و ئەوان ئاگایان لە من نەبوو.

ساتێك خۆمم لەبیر کردبوو و پێم بە عەرزەوە وشك ببوو. لە پڕ وەخۆ هاتمەوە و بیرم لەوە دەکردەوە، کە ناکرێ و نابێ لێیان بچمە پێشێ. بە راکردن گەڕامەوە بەرەو لا رووخاوەکەی پەرژینەکە و خۆم فڕێ دایە ئەوبەری جادەکە و وەك بای شەماڵ خۆم گەیاندەوە ماڵێ. پێ دەکەنیم و دەستمم لێك دەدا و ئەو رووداوەم پێ سەیر بوو، کە گومانەکانمی گەیاندبووە دڵنیایی و هەموو شتێکی بۆ سەلماندبووم. ـ بەڵام خۆ

---

* هۆنراوەکەی گۆتێ

تەنانەت بۆ ساتێکیش لە راستبوونی بیرورای خۆم دڕدۆنگ نەبووم ـ سەرەڕای ئەوەش، زۆرم پێ ناخۆش بوو. لە لایەکی دیکەوە لە دڵی خۆمدا دەمگوت نەکا هەر بۆ دەستخەرۆکردنی من وایان کردبێ و لە راستییشدا وا نەبێ. بەڵام بەخۆمم گوت ئەو فکرە قۆڕە چییە. چ پێویستە ئەوان ئەو نەخشەیە دارێژن؟ چ پێویست دەکا سەر لە من بشێوێنن؟ ئەوە لەوان ناوەشێتەوە. جگە لەوەش، ئەی ئەو قسەکردنە پڕ کەفوکوڵە مانای چییە؟

ئەو  شەوە زۆر خراپ نوستم و کەڕەی بەیانی لە خەو هەستام. جانتاکەمم بە کۆڵمدا دا و بە خاوەن ماڵەکەمم گوت، شەوێ چاوەڕوانم نەبێ. ئیتر بە پێیان بەرەو لووتکەی ئەو چیایەی شاری "ز"ی بە داوێنەکەیەوە بوو، کەوتمە رێ. ئەو چیایە، کە خۆی کلکەیەکە لە لووتکەیەك بە ناوی سەگ پشت، لە رووی زەوی ناسییەوە زۆر گرنگ و جێ سەرنجە. بە تایبەتی لەبەر ئەوەی رێك و لەبارە و چینەبەردەکەشی لە جۆری بازاڵتە*. بەڵام من کارم بە سەر خوێندنەوە و توێژینەوەی زەوی ناسینەوە نەبوو و هەر نەمدەزانی چیم بەسەر هاتووە. تەنیا ئەوەندەم لێ بوون بوو، کە ئیتر حەزم لێ نەبوو چاوم بە گاگینەکان بکەوێتەوە. خۆمم لەوە دڵنیا کردەوە، کە بۆیە لێیان زویرم، چونکە خەڵەتاندوویانم و درۆیان لەگەڵ کردووم. جا کێ ناچاری کردبوون بڵێن خوشك و براین؟ لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵم دەدا لە زەینی خۆمیان دەرباوێم و بیریان لێ نەکەمەوە. وردە وردە لە چیا و دۆڵەکاندا دەگەڕام، لە قاوەخانە دێهاتییەکاندا دادەنیشتم و لەگەڵ خاوەن دووکان و میوانان قسەم دادەمەزراند، یان لەسەر تاتەبەردێکی گەرم لێی درێژ دەبووم و نوقمی سەیرکردنی گەواڵە هەوران دەبووم. پاکی و زوڵاڵیی هەواکە سەرسامی دەکردم. سێ رۆژم ئاوا بەچێژ و خۆشییەوە بە گەڕان و سەیرانەوە تێپەڕاند، ئەگەرچی جار و بارە دڵم توند دەبوو. فکر و خەیاڵم زۆر لەگەڵ سرووشتە هێمنەکەی ئەوێ یەکی دەگرتەوە و سازگار بوو.

خۆم دابووە دەست گەمەی هێمنی رووداوەکان و کەفوکوڵە تیژتێپەڕەکان. ئەو هەست و رووداوانە کە لەسەرخۆ و هێور تێدەپەڕین، دەخزینە نێو ناخمەوە و هەستێکی گشتییان لەسەر دادەنام، کە تێیاندا هەموو ئەوشتانە تێکەڵی یەکتری دەبوون، وا لەو سێ رۆژەدا دیتبوومن و هەستم پێکردبوون و بیستبوومن. هەموو شتێك واتە:"بۆن و بەرامەی نەرم و نیانی شیلەی کاژی لێڕەوارەکان، زرمەی دەندووکی دارکونکەرەکان، شڵپ و هۆڕ و لرفەی قەڵبەزە و تاڤگە و جۆگەکان و ئەو ماسییە سوور و رەنگاورەنگانەی لە تەختی بنی ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد، تارمایی دەوری چیاکان و رەوەز و گابەردی رەش و بۆر، گوندی پاك وخاوێن کە کلێسای کۆنی سەرنجڕاکێش و پیرەداریان تێدا بوو و لەق لەق هێلانەی لەسەر کردبوون، ئاش با بە پەڕەی نووك تیژی خڕخڕەوە، روخساری میهرەبانی دێهاتییەکان و کراسی قۆڵ کورت و گۆرەوییەکانیان، عارەبانەی رازاوە و ئەسپ و مانگا قەڵەوەکانیان، زیارەتکەرە لاوە قژدرێژەکان و رێگەوبانی پاك و خاوێن، کە ئەمبەرەوبەریان داری سێو و هەرمێی لێ بوو...

---

* بازالت/ باسالت: بەردێکی رەش و دەنك وردە.

ئێستاش کە ئێستایە، کە وەبیرم دێتەوە ئەو شتانەی ئەو کات چ هەستێکیان پێ دەبەخشیم، چێژ وەردەگرم. هەی سلاوت لێ بێ ئەی قوژبنە هێمنەکەی زەوی ئەلمان. سلاو لە خۆش بژێوی و نیعمەتە سادەکەی تۆ. سلاو لەو دەستانەی بە کارکردنی بەردەوام و سەبر و سینگفرەوانیی زۆرەوە، شوێنەواریان بە هەموو شوێنێکەوەیە... سلاو لە هێمنییەکەت.

ئێوارەی سێهەم ڕۆژ گەڕامەوە مالێ. لەبیرم چوو بلێم لەسەر ئەو دلّ ئێشانەم لە گاگینەکان، هەولم دەدا یاد و روخساری بێوەژنە دلڕەقەکە لە دلمدا زیندوو بکەمەوە و بیژێنمەوە، بەلام نەمتوانی. لەبیرمە کە ویستم یاردی ئەو لە دلمدا زیندوو بکەمەوە، چاوم بە کچۆلەیەکی دێهاتیی پێنج سالانەی دەموچاوی خڕ کەوت بە دوو چاوی زولال و بێ خەوشەوە. کچۆلەکە ئەوەندە مندالانە و سادە سەیری کردم، شەرمم لە نیگا و سەیرکردنە بێخەوش و پاکەکەی کرد. نەمویست لە هەنتەش و حوزووری ئەودا درۆ لەگەل خۆم بکەم و دەسبەجێ بۆ هەمیشە مالاواییم لە دلبەرە کۆنەکەم کرد.

لە مالەوە یادداشتێکی گاگینم بەدەست گەیشت. نووسیبووی، پێم سەیرە وا لە پڕ بڕیارت داوە و سەرکۆنەشی کردبووم کە بۆچی ئەوم لەگەل خۆم نەبردووە. تکاشی کردبوو کە هەر گەڕامەوە، سەرێکیان لێ بدەم. بە نابەدلّییەوە یادداشتەکەم خوێندەوە، بەلام بۆ سبەینێکەی بەرەو شاری "ل" کەوتمە رێ.

گاگین زۆر خۆمان پێشوازیی لێ کردم و لەسەر خۆ هەندێ لۆمەشی کردم، بەڵام ئاسییە هەر منی دی، دەتگوت بە ئەنقەست پێکەنی و بەپێی خدەی خۆی، خۆی لێ دزیمەوە. گاگین تەریق بۆوە و دوای رۆیشتنەکەی ئەو لەسەرخۆ گوتی، ئەو کچەتیوە شێتە. داواشی لەمن کرد، بەدڵمی نەگرم و لێی خۆش بم. با دان بەوەشدا بنێم کە زۆر لەو کارەی ئاسیە تووڕە بووم، ئەگەرچی بەبێ ئەوەش دڵم ئێشابوو و تووڕە بووم، جا وەرە ئەو پێکەنینە درۆزنانەیە و ئەو ئەدا و ئەتوارە دەستکردەش. سەرەڕای ئەوەش وام نواند کە هیچم نەدیتووە و بەتێر و تەسەلی سەفەر و سەیرانی سێ رۆژەکەمم بۆ گاگین گێڕاوە. ئەویش بۆی گێڕامەوە، کە لەو چەند رۆژەدا بەبێ من چیی کردووە. بەڵام قسەکانمان بەردەوام دەپچڕان، چونکە ئاسییە هەر دەهاتەوە ژوورێ و دیسان رای دەکردەوە دەرێ. ئاخرییەکەی گوتم، کاری بەپەلەم هەیە و دەبێ زوو بچمەوە ماڵێ. گاگین لە پێشدا دەیەویست نەهێڵێ برۆم، بەڵام ئاخرییەکەی چاوێکی لێ کردم و گوتی دەیەوێ بەرێم بکا. لە راڕەوەکە لەپڕ ئاسییە هاتە لام و دەستی هێنا پێشەوە. بە ساردوسڕییەوە سەری پەنجەیەم گوشی و بە ئاستەم سەرێکم بۆ لەقاند. لەگەڵ گاگین هاتینە دەرێ و بە دەم رووبارەکەدا رۆیشتین. هەر گەیشتینە دارە خۆشەویستەکەم، لە تەنیشت پەیکەرەکەی مەریەم، بۆ سەیرکردنی دوورەدیمەنەکە، لەسەر نیوکورسییەك دانیشتین و قسەوباسێکی گەرم و گوڕ هاتە گۆڕێ.

لە پێشدا هەر قسەی ئاساییمان کرد، دوایی بێدەنگ بووین و سەیری چەمە درەوشاوەکەمان کرد.

دوای تاوێك بێدەنگی، گاگین بە زەردەخەنەیەکەوە پرسیی:

ـ بڵێ بزانم، ئاسییەت پێ چۆنە، لەوانەیە بەلاتەوە شتێکی سەیر و سەمەرە بێ. وایە؟

ـ بەڵێ.

تۆزێك بە سەرسوورمانەوە وەڵامم داوە، چونکە چاوەڕوانیی ئەو پرسیارەم لێی نەبوو.

ـ بۆ ئەوەی بتوانی جوان بیری لێ بکەیەوە و بەسەهوو نەچی، دەبێ لە پێشدا باش بیناسی. دڵێکی زۆر سادە و میهرەبانی هەیە، بەڵام شەیتان و چاوقایم. ئەستەمە لەگەڵی رابێی، ئەوەش خەتای ئەو نییە. ئەگەر تۆ سەربردەیت زانیبایە...

ـ سەربردەی ئەو؟

قسەکەیم پێ بڕی و دیسان گوتم:

ـ مەگەر ئەو خوشکی تۆ...

گاگین سەیرێکی کردم و گوتی:

ـ لەوانەیە پێت وابێ خوشکی من نییە؟ بۆچی، خوشکمە.

ئەمجارە بەبێ ئەوەی ئاگای لە سەرسامبوونی من بێ، لەسەری رۆیشت:
ـ ئاسییە خوشکی منە. لە باوکمەوە خوشکمە. جوان گوێ بدەیە، زۆرم متمانە بەتۆیە و لێت دڵنیام، بۆیە هەموو شتێکت بۆ لەبن کوولەکە دەدەم.

باوکم کابرایەکی دڵپاك و زیرەك و تێگەیشتبوو بوو. بەڵام چارەڕەش بوو. دیارە چارەنووس خراپتر لە خەڵکی دیکەی بەسەر نەهێنا، ئەوەندەیە ئەو خۆی لەبەر یەکەم زەبریش رانەگرت. لە هەرەتی گەنجێتیدا ئاشق بوو و ژنی هێنا. ژنەکەی واتە دایکی من زۆر زوو مرد، ئەو دەمەی من هێشتا شەش مانگانە بووم. باوکم منی بردەوە گوند بۆ سەر زەوی و زارەکەمان و دوازدە ساڵان لەوێ وەدەر نەکەوت. هەر خۆشی پەروەردەکردن و گەورەکردنی منی گرتە ئەستۆی و ئەگەر براکەی واتە زڕمامەکەی من نەهاتبایەتە لامان لە گوند، باوکم هەرگیز بەجێی نەدەهێشتم. مام لە پترێزبۆرگ بوو و پلەوپایەیەکی تا رادەیەك گرنگی هەبوو. جا چونکە باوکم هەرگیز حەزی لەوە نەبوو لە گوند بچێتە دەرێ، مامەم پێشنیاری پێ کرد من بەو بسپێرێ. مامەم لە گوێی باوکمی دەخوێند، کە باش نییە کوڕێژگەیەکی لە تەمەنی مندا بەتەنێ بێ و لە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی دابڕێت و مانەوەی بەردەوامم لەگەڵ کابرایەکی مرچ و مۆنی وەك باکم، بێ ئەملا و ئەولا دەبێتە هۆی ئەوەی لە خەڵکی بەجێ بمێنم و زۆر سووك وساناش هەڵسوکەوت و ئەخلاقم تێك دەچێت. باوکم ماوەیەك هەر ملی نەدەدا بۆ پێشنیارەکەی مامەم، بەڵام ئاخری قایل بوو. ئەو دەمەی لە باوکم دادەبڕام، زۆر گریام، چونکە سەرەڕای ئەوەی هەرگیز زەردە و پێکەنینێکم بە رووی باوکمەوە نەدیتبوو، بەڵام هەر خۆشم دەویشت. کەچی هەر گەیشتمە پترێزبۆرگ زۆر زوو هێلانە تاریك و ناخۆشەکەمم لەبیر کرد. چوومە پەیمانگەی سەربازی و دواتریش لە بەتالیۆنی گارددا مامەوە. هەموو ساڵێ هەفتەیەك دەچوومەوە سەر موڵکەکەمان و هەموو جارێکیش سەیرم دەکرد، باوکم خەفەتبارە و پیش دەخواتەوە و خەم و خەیاڵ نوقمی کردووە. هەموو رۆژێك دەچووە کلێسە و ئیتر وای لێ هاتبوو قسەکردنی لەبیر چووبۆوە. لە یەکێك لە دیدارەکانیدا، ـ کە ئەودەم تەمەنم لە بیست لایدا بوو ـ بۆ یەەم جار لەماڵەکەی باوکم کچۆڵەیەکی دە ساڵانەی لاواز و چاوڕەش واتە ئاسییەم دی. باوکم گوتی، کچە هەتیوە و هێناویێتی ئاگای لێی بێ و بەخێوی بکات. باوکم راستی دەکرد. من زۆرم گرنگی بە کچە نەدا. بەڵام دەمدی ئەو وەك کێوییەك، چوست و چالاك و گورجوگۆڵە. هەرکاتێ من دەچوومە ژوورە گەورە و تاریکەکەی باوکم ـ کە زۆرم خۆش دەویست و دایکیشم لەوێدا ماڵاوایی لە ژیان کردبوو و

تەنانەت بە رۆژیش مۆمێکی هەر لێ داییسا ـ ئاسییە دەسبەجێ دەهات و لە پشت کورسییە ڤۆڵتەرییەکەی باوکمەوە یان لە پشت کتێبخانەکەوە خۆی دەشاردەوە. دواتر وا رێك کەوت، من سێ چوار ساڵان لەبەر کاروباری حکوومی نەمتوانی سەر لە باوکم بدەمەوە. هەموو مانگێك نامەیەکی بچووکی باوکمم بەدەست دەگەیشت. زۆر بە دەگمەن باسی ئاسییەی دەکرد و ئەگەر کردباشی بە هێما و ئاماژەیەك. باوکم لەودەمیدا پەنجا ساڵێکی تەمەن بوو، بەڵام هێشتاش گەنج دیار بوو. جا ئێستا ترس و خۆفی من بێننە پێش چاوتان، کاتێ ئاگام لە مەحموودی بێزەواد نەبوو، کە نامەیەکی کارەکەرەکەمانم بە دەست گەیشت و نووسیبووی باوکم نەخۆشە و خەریکە دەمرێ. داوا و تکای کردبوو، ئەگەر دەتەوێ دیدار ئاخری نەبی، دەبێ زۆر بە پەلە بکەویتە رێ. من بە پەلە خۆم گەیاندەوە ئاوایی، باوکم هێشتا مابوو، بەڵام کەوتبووە ئاویلکە و ئیتر گیانی لەسەر لێوی بوو. باوکم زۆری پێ خۆش بوو، بە دەستە لاواز و بێهێزەکانی لە ئامێزی گرتم. ماوەیەك بە چاوی پڕ لە پرسیار، یان تکا و پاڕانەوەوە سەیر کردم و ئەوجار دوای ئەوەی سوێندی دام، داوای لێ کردم، ئاخرین داواکەی جێبەجێ بکەم. بە کارەکەرە پیرەکەی گوت، ئاسییە بێنێ. کارەکەرە پیرەکە، ئاسییەی هێنا. کچۆڵەکە دەلەرزی و بەحاڵ بەسەر پێیەوە خۆی دەگرت.

باوکم بە هەزار حاڵ توانیی ئەوەندەم پێ بڵێ:

ـ جا ئێستا ئەو کچەم، خوشکەکەت بەتۆ دەسپێرم.

دوای ئەوە ئاماژەی بە کارەکەرەکەی کرد و گوتی:

ـ یاکۆف هەموو شتێکت پێ دەڵێ.

ئاسییە دەموچاوی بە نوێن و بانەکەی باوکەوە نووساند و بە کوڵ گریا... نیو سەعاتێکی پێ نەچووبوو، کە باوکم گیانی سپارد.

لە قسەکانی یاکۆفرا لێم روون بۆوە، ئاسییە کچی باوکمە و لە تاتیانا، خزمەتکارەکەی پێشووی دایکمە. تاتیانام زۆر جوان لەبیرە. بەژن و باڵایەکی جوان و رێك و روخساری لەبەر دڵان و شێلگیر و

زیرەکانە و چاوە ڕەشەکانیم هەر لە پێش چاوە. هەمووان ئەویان بە کچێکی لەخۆبایی و لووتبەرز دەزانی. لە ئاماژە و تەوس و پلارەکانی یاکۆفەوە تێگەیشتم، کە باوکم چەند ساڵێك بەر لەوەی دایکم بمرێ، دڵی چووبووە سەر تاتیانا. ئەودەم ئیتر تاتیانا قەرەواش و کارەکەری ماڵی باوکم نەبوو و لەگەڵ خوشکەبەمێردەکەی، کە مێردەکەی شوان بوو، لە کۆخێکدا دەژیا. بابم تەواو ئاشقی ببوو و تەنانەت ویستبووی زەماوەندیشی لەگەڵ بکا، بەڵام تاتیانا قایل نابێ و دەستی بە روویەوە دەنێ.

یاکۆف لە حاڵێکدا لە بەر دەرگا ڕاوەستابوو و دەستی لە پشتەوە هەڵپێکابوون، ئاوای گێڕاوە:

تاتیانا ولاسیونا ژنێکی ژیر بوو. پێی خۆش نەبوو باوکت سەرکز و شەرمەزاری لای خەڵکی بێت. لە کن من پێی گوت، من کچە ئاغا نیم، ئەی چۆن دەکرێ ببمە ژنی تۆ؟

تاتیانا تەنانەت نەیدەویست بێتەوە ماڵی ئاغاش. ئەو هەر بە ئاسییەوە لەلای خوشکەکەی دەژیا. من بە منداڵی تەنیا ڕۆژەکانی ئاهەنگ لە کلیسا تاتیانام دەدی. لەچکێکی ڕەشی لەسەر دەکرد و ملپێچێکی زەردی بەسەر شانیدا دەدا و لە لای خەڵکەکەوە و لە نزیك پەنجەرەکە ڕادەوەستا ـ سێبەری دەموچاوە جوانەکە لە لاتەنیشتەوە، جوان و ڕوون دەکەوتە سەر جامەکە ـ خاکەڕایانە و بە خۆنواندنەوە دەپاڕایەوە و بە شێوازی کۆن، هەتا سەر زەوی خۆی بۆ کڕنۆش دەنوشتاندەوە. کە مامەم هاتە گوند و منی لەگەڵ خۆی برد، ئاسییە دووساڵانە بوو، و تەمەنی نۆ ساڵانە بوو، کە دایکی مرد.
دوای مەرگی تاتیانا باوکم ئاسییەی بردە لای خۆی. ئەو پێشتریش حەزی لێ بوو ئاسییە بەرێتەوە لای خۆی، بەڵام تاتیانا ملی نەدەدا. بیهێننە بەرچاوتان، کاتێ ئاسییەیان بردەوە لای ئاغا، چیی بەسەر هات. ئەو هێشتاش ئەو دەمەی لەبیر نەچووەتەوە کە بۆ یەکەم جار جلوبەرگی هەوریشمینیان لەبەر کرد و دەستیان ماچ کرد. دایکی تا مابوو، زۆری لێ توند دەکرد، بەڵام لە ماڵی باوانی، تەواو ئازاد بوو. باوکە مامۆستای بوو و جگە لە باوکی، کەسی نەدەدی. باوکە چەقاوەسووی نەدەکرد، واتە نەدەبووە لەلەی و بەقوربان و سەدەقەی نەدەبوو. بەڵام لە ڕادەبەدەر خۆشی دەویست و بۆ هیچ شتێك دڵی نەدەشکاند.
باوکم لە ناخی دڵییەوە خۆی بەرامبەر بەو، بە تاوانبار دەزانی. ئاسییە زۆر زوو تێگەیشت، کە کابان و خاوەنی ماڵەکە خۆیەتی و ئاغا باوکێتی. جگە لەوە، وەزعی نالەباری خۆیشی بۆ ڕوون بۆوە. ئەوجار خۆپەرستی و متمانەبەخۆییەکەی پتر بوو. خووخدە خراپەکانی باوکم تەشەنەی کردە ناخییەوە و

سادەییەکەی خۆی لەدەست دا. دەیەویست ـ ئەوە جارێکیان خۆی لای من دانی پێدا نا ـ هەموو دونیا ناچار بکا، رابردووەکەی ئەو لەبیر بکەن. شەرمی لەوە دەکرد کچی کێیە و چۆن بووە و شەرمی لە شەرمنییەکەی خۆیشی دەکرد و بە دایکیشییەوە دەنازی. وەك دەبینی، ئەو لەو تەمەنەیدا زۆر شتی دەزانی، کە نەدەبوو بیانزانێ... بەلاّم ئاخۆ خەتای ئەوە؟ وزە و هێزی مێرمندالّی لە گیانیدا شەپۆلی دەدا و لرفەی دەهات. خوێنی دەکولّی و کەسیشی بە دەورەوە نەبوو دەستی بگرێ و رێی پێشان بدا. لە هەموو کارێکدا سەربەخۆ بوو و هەموو شتێکیش بەقسە و بەدڵی خۆی. چما ئاسان بوو چاوت بە سەرییەوە بێ؟ دەیەویست لە کچە دەوڵەمەندەکان بەجێ نەمێنێ، هەر بۆیە هەر کتێبێکی دەست بکەوتیایە، دەیخوێندەوە. دیارە ئەوە شتێکی وای بۆ ئەو پێوە نەدەبوو. ئەو ژیانەی کە بەردی بناغەکەی خراپ دانرابوو، هەروا بەردەوام بوو، بەگەڵ ئەوەشدا لارێ نەببوو و ئەقڵ و هۆشی خەوشی تێ نەکەوتبوو. سەرت نەیەشێنم، ئەو کات من کە هێشتا تەمەنی خۆم لە بیست سالّ پتر نەبوو، بەرپرسیارەتی و گەورەیی کچۆڵەیەکی سێزدە سالاّنم بەملدا هات. یەکەم رۆژەکانی دوای مەرگی باوکم، ئاسییە تەنانەت کە گوێی لە دەنگیشم دەبوو، هەموو گیانی دەلەرزی و تای لێ دەهات. بە لاواندنەوەشم خەمبار دەبوو. هەتا وردە وردە لەگەڵم راهات. بەلاّم دواتر کە دڵنیا بۆوە ئەو خوشکی راستەقینەمە و منیش وەك خوکشی خۆم خۆشم دەوێ، ئاشقانە هۆگرم بوو. هیچ هەست و سۆزێکی تێیدا بەدی دەکەیت، لەوپەڕی خۆی و لە چڵەپۆپەدایە.

لەگەڵ خۆم بردەمە پترێزبۆرگ. سەرەڕای ئەوەی زۆرم پێ ناخۆش بوو لێی دابڕێم، بەلاّم نەمدەتوانی لەگەڵی بژیم. هەربۆیە بە یەکێك لە پانسیۆنەکانم ئەسپارد. کەچی بە پێچەوانەی ئەوەی بیرم لێ کردبۆوە، هیچ نەگۆڕدرا و هەر وەك خۆی بوو. مودیری پانسیۆنەکە، بەردەوام دەهاتە لام و سکالاّی بوو لە دەستی و دەیگوت:"نە بۆوەی دەبێ تەمبێی بکەی و نە ئیزنیش دەدا بیلاوێنییەوە." ئاسییە زۆر زیرەك بوو. لە هەموو دەوروبەرییەکانی باشتر دەرسی دەخوێند، بەلاّم نەیدەویست خۆی بێنێتە ریزی ئەوان، لاساریی دەکرد و دوورەپەرێز بوو... من نەمدەتوانی تاوانباری بکەم، چونکە ئەو حالّەی ئەوی تێدا بوو، یان دەبوو سەر لەبەر هەمووان دانوێنێ و ماستاویان بۆ بگرێتەوە، یان دوورە پەرێز بێ. لە نێو هەموو کچە هاوپۆلییەکانیدا تەنیا لەگەڵ یەکێکیان ببووە برادەر، ئەویش کچێکی ناشیرینی داپڵۆسێنراو بوو. کچەکانی دیکە زۆربەیان منداڵە دەوڵەمەند بوون و ئاسییەیان خۆش نەدەویست و هەرکات پێیان خۆش بوایە دەیانتوانی تەوس و پلاری پێدا بدەن و ئەزیەتی بکەن. ئاسییەش لەوان نەدەمایەوە. رۆژێکیان لە پۆلی وانەی یاسا ئایینییەکاندا، مامۆستاکەی باسی گەندەڵی و عەیبە و شەرم و حەیای کردبوو. ئاسییە بەدەنگی بەرز گوتبووی:"ترسنۆکی و ماستاوچێتی گەورەترین عەیبەی دونیایە." کورتی ببڕینەوە ئاسییە

ڕێگەی خۆی دەبڕی. هەر ئەوەندە شێوازەکەی باشتر ببوو. ئەگەرچی لەو بوارەشدا پێشکەوتنەکەی زۆر بەرچاو نەبوو.
کە ئاسییە تەمەنی گەییە خەڤدە ساڵان، ئیتر نەدەبوو لە پانسیۆندا بمێنێتەوە و منیش کەوتمە سەرئێشە و کێشەیەکی سەیرەوە. بەڵام لەپڕ فکرێکی باشم بە زەین گەیشت، ئەویش ئەوەی دەست لە کار هەڵگرم و یەك دوو ساڵان سەفەری دەرەوە بکەم و ئاسییەش لەگەڵ خۆم بەرم. دەسبەجێ قۆڵم لێ هەڵماڵی و وەك دەبینی ئەوە ئێستا لە دەم چۆمی راینم. من هەوڵ دەدەم خەریکی شێوەکاری بم و ئەویش وەك جاری جاران، شەیتانی و بزۆزییەکەی دەکا. هیوادارم ئیتر ئەمجارە فکری خراپی لەبارەیدا نەکەیەوە. ئاسییەش ئەگەرچی وا دەنوێنێ کە بە قسەی کەس ناکا، بەڵام ری هەندێ کەسی بەلاوە گرنگە، بەتایبەتی رای جەنابت.
زەردەخەیەکی هێمن دیسان کەوتەوە سەر لێوی گاگین. من دەستیم توند گوشی.
گاگین دیسانەکە گوتی:
ـ بەڵێ، چۆنی گوتم ئاوا بوو. بەڵام ئیتر ئێستا نەهامەتییەکی دیکە دەستی پێ کردووە. کچەتیو دەڵێی بارووده. تا ئێستا کەیفی بەکەس نەهاتووە. بەڵام قوڕ بەسەر ئەو کەسەی ئاسییە خۆشی بوێ. منیش جاری وایە نازانم چیی لێ بکەم. چەند رۆژ لەوە پێش لەپڕ فکرێکی نوێی بە مێشکیدا هات. لە پێشدا لۆمەی دەکردم، کە من لەگەڵی ساردوسڕم، زۆری روو نادەمێ. دوایی دەیگوت لە هەموو دونیادا هەر منی خۆش دەوێ و تا مردن لەمن زیاتر کەسی خۆش ناوێ... جگە لەوەش زۆر زۆر دەگریا... کە...
وەخت بوو لە زارم دەرپەڕێ و بڵێم...
بەڵام سەری زمانم گەست.
دوایی پێم گوت:
ـجا کە ئێستا ئاوا راشکاوانە و بێ پێچ و پەنا قسە لەگەڵ من دەکەی، بڵێ بزانم، خۆ ناکرێ تا ئێستا هیچ کەسی خۆش نەویستبێ و دڵی نەچووبێتە سەر کەس. ئاخر پترێزبۆرگ پڕ پڕ لە گەنجی لەبەردڵان و جوان.
ـ نەخێر، کەیفی بەوان نایە. دەزانی؟ ئاسییە پاڵەوانێك، پیاوێکی تایبەت یان شوانێکی جوانی نێو ئەشکەوتێکی پێویستە. بەڵام هەر بەراست، ببوورە، من ئەوەندەم قسە کرد و لە کاروبارم کردی.
ئەوەی گوت و هەستا.
گوتم:
ـ گوێ بگرە. وەرە با بچینەوەماڵی خۆتان. من ئێستا حەزم لێ نییە بچمەوە ماڵەکەی خۆم.

ـ ئەی کارەکەت؟

هیچم نەگوت. گاگین زەردەیەکی خۆمانە و بێ تویکڵی هاتە سەر لێوی و پێکەوە چووینەوە شاری "ل". هەر چاوم بە رەزە ئاشناکان و ماڵە سپییەکەی سەر گردەکە کەوت، خۆشییەکی شیرینم لە دڵمدا هەست پێ کرد. هەر بەراستیمە کە دەڵێم شیرین، شیرینیی هەنگوین. دوای ئەو بەسەرهاتەی گاگین بۆی گێڕامەوە، باری دڵم سووک بوو.

ئاسییە هەتا بەر دەرگا بە پیلمانەوە* هات. من چاوەڕوانی پێکەنینێکی بووم، بەڵام ئەو بێدەنگ و بزرکاو و سەرکز بوو.

گاگین پێی گوت:

ـ ئەوەش برادەرەکەمان دیسان، بەڵام دڵنیا بە خۆی پێی خۆش بوو بێتەوە لامان.

ئاسییە بە نیگای پڕ پرسیارەوە سەیرێکی کردم. من دەستم بۆلای درێژ کرد و ئەمجارە پەنجە ناسکەکانیم توند گوشی. بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. ئیتر ئێستا زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی جاران لێیان تێنەدەگەیشتم، لێم روون ببوونەوە. ناڕەحەتییە دەروونییەکەی، خۆپێنەگیرانەکەی، حەزی خۆنواندن، لە هەموو ئەوانەی تێدەگەیشتم. ئیتر دەمتوانی لە ناخ و دەروونی تێ بگەم. گوشارێکی شاراوە بەردەوام دەیهاڕی و خوپەرستی و کرچ و کاڵیی گەنجانەی نیگەرانی دەکرد. بەڵام هەموو گیانی بەرەو راستەقینە و حەقیقەت دەبزووت. بۆم دەرکەوت ئەو کچۆڵە سەیروسەمەرەیە بۆچی ئەوەندە سەرنجم رادەکێشێ، نەك لەبەر ئەو جوانییە دڵگرە نیوە کێوییەی لە هەموو لەشە ناسکەکەیدا شەپۆلی ەدا، بگرە لەبەر رۆحە پاك و بێگەردەکەی بوو خۆشم دەویست.

گاگین خۆی بە پۆرترێت و تابلۆکانییەوە خافڵاند. من داوام لە ئاسییە کرد پێکەوە پیاسەیەکی نێو رەزەکە بکەین. ئەو پێی خۆش بوو و دەسبەجێ گوتی باشە. هەتا داوێنی گردەکە داگەڕاین و لەسەر تاتەبەردێك دانیشتین.

ئاسییە گوتی:

ـ ئەو چەند رۆژەی لێرە نەبووی، دڵت بۆمان توند نەببوو؟

پرسیم:

ـ بۆ ئەتۆ غەریبیی منت دەکرد؟

ئاسییە لەبنەوە چاوێکی لێ کردم و گوتی:

ـ بەڵێ. دەی باشە، گەشت و سەیرانی چیاکان خۆش بوو؟ چیاکان زۆر بەرزن؟ لە هەورەکانیش بەرزترن؟ پێم بڵێ بزانم لەوێ چیت دی؟ کە بۆ براکەمت دەگێڕاوە، من گوێم لێ نەبوو.

ـ بۆیە بەجێت هێشتین، بۆ ئەوەی گوێت لێ نەبێ؟

ـ بۆیە رۆیشتم.. بۆ ئەوەی...

---

* پەپیلەوەهاتن، بەپیرەوەهاتن/ بەپیرمانەوە هات/ بە پیلمانەوە هات/ بەرەوپیرمان/پیلمان هات = هاتەپێشوازمان. بە پێشوازمانەوە هات.

ئەوجار بە لەبزێکی پڕ لە متمانە و میهرەبانەوە گوتی:

ـ بەڵام خۆ دەبینی ئەوە لە لات دانیشتووم و ناشڕۆم. دەی باشە، ئەمڕۆ بۆچی وا تووڕە بووی؟

ـ من؟

ـ بەڵێ، تۆ.

ـ فەرموو بزانم لەچی تووڕە بووم؟

ـ نازانم. بەڵام دیتم مرچ و مۆنی و بە تووڕەییەوە بەجێت هێشتین. من زۆرم پێ ناخۆش بوو کە ئاوا بە دڵێکی ناخۆش لە ماڵەکەمان رۆیشتی و ئێستاش کە هاتوویەوە زۆرم پێ خۆشە.

ـ منیش خۆشحاڵم گەڕاومەتەوە.

ئاسییە شانی هەڵتەکاند، وەك چۆن کاتێ منداڵ دڵیان خۆش دەبێ، وا دەکەن.

ئەوجار گوتی:

ـ دەزانی، من دەتوانم هەر لە هەڵسوکەوتێکی بچووکی بنیادەمەوە لێی تێ بگەم چۆنە، بۆ وێنە زۆر جاران کە لە ژوورێکی دیکەوە گوێم لە کۆکەی باوکم دەبوو، دەمزانی لێم ناڕازییە یان نا.

ئاسییە تا ئەو رۆژە باسی باوکیی بۆ نەکردبووم و کە باسی باوکی کرد، پێم سەیر بوو.

پرسیم:

ـ باوکتت زۆر خۆش دەویست؟

بەڵام زۆر بەداخەوە دەسبەجێ هەستم کرد، لە پرسیارەکەی خۆم تەریق بوومەوە و سوور هەڵگەڕام.

ئەویش وەڵامی نەداوە و وەك من سوور هەڵگەڕا. هەر دووکمان بێدەنگ بووین. لە دوورەوە کەشتییەك بەنێو چۆمەکەدا دەڕۆیشت و دووکەڵی دەکرد. هەردووکمان ماوەیەك سەیرمان کرد.

ئەوجار ئاسییە گوتی:

ـ بۆ هیچ ناڵێی؟

پرسیم:

ـ باشە ئەمڕۆ بۆچی کە منت دی، پێکەنییت؟

ـ بۆخۆشم نازانم بۆ. جاری وایە دەمەوێ بگریەم، بەڵام پێکەنینم دێ. تۆ نابێ لە رواڵەتی منەوە دادوەری لەسەر ناخم بکەی... ئاخ، هەر بەراستی ئەوە چ هەقایەتێکە لە بارەی لورلێ دەیگێڕنەوە؟ ئاخر ئەو رەوەزەی لە دوورەوە دەیبینین، بەناوی ئەو کراوە. دەڵێن، ئەو هەمووانی دەخنکاند، بەڵام کە ئاشق بوو، خۆشی خنکاند. لە تاوی ئەشق خۆی بە ئاوێدا دا. من ئەو بەسەرهاتەم زۆر پێ خۆشە. خاتوو لویزا زۆرم هەقایەت بۆ دەگێڕێتەوە. ئەرێ هەر بەراست ئەو خاتوونە پشیلەیەکی رەشی چاوزەردی هەیە...

ئاسییە سەری هەڵێنا و زولف و پەرچەمی راوەشاند.

ئەوجار گوتی:

ـ خوایەگیان دڵم چەند خۆشە.

لەو کاتەدا لە دوورەوە، دەنگەدەنگێکی پچڕپچڕمان گوێ لێ بوو. بە سەدان کەس وێکڕا و بێ پسانەوە بە گۆرانیی دووعایەکیان دەگوتەوە.

تاقمی زیارەتکەرەکان بە خاچ و ئاڵاوە بە رێگەکەی خوارەوەد دەڕۆیشتن...

ئاسییە بەدەم ئەوەوە کە گوێی دەدایە سروودەکەی ئەوان، گوتی:

ـ چ باشە لەگەڵیان بڕۆم.

گوتم:

ـ یانی تۆ ئەوەندەت بڕوا بە ئایینە؟

گوتی:

ـ حەز دەکەم بچمە جێیەك زۆر دوور. جا بۆ زیارەت و پاڕانەوە بێ یان بۆ پاڵەوانەتییەکی گەورە. ئەگینا رۆژەکان تێدەپەڕن و ژیانمان دەبڕێتەوە و ئێمەش هیچمان نەکردووە.

گوتم:

ـ تۆ حەزت لە ناوبانگە. دەتەوێ ژیانت بە پووچی تێنەپەڕێ و بەفیڕۆ نەچێت و شوێنپەنجەیەك بە یادگار بێڵیتەوە...

ـ جا شتی وا دەکرێ؟

چیی نەمابوو بڵێم:"مەحاڵە"... بەڵام سەیرێکی چاوە گەشەکانیم کرد و هەر ئەوەندەم گوت:

ـ تاقیی بکەوە.

ئاسییە دوای تاوێك بێدەنگی بە روخسارێکی هەڵبزڕکاوەوە گوتی:

ـ هەر بەراست تۆ زۆرت ئەو ژنە خۆش دەویست؟... لەبیرتە؟ رۆژی دووەم یەکترناسینەکەمان، لە کاولاشی کۆشکە کۆنەکەدا براکەم بەخۆشیی نازەنینە دلڕفێنەکەی تۆ پێکی هەڵدا؟

بە پێکەنینێکەوە گوتم:

ـ براکەت سوعبەتی دەکرد. من هیچ ژنێکم خۆش نەویستووە. یان باشتر وایە بڵێم خۆش ناوێ.

ئاسییە وەك منداڵان بە کونجکۆڵییەوە رووی تێ کردم و پرسیی:

ـ تۆ لە ژناندا چ شتێکت لە هەموو شتێکی خۆشتر دەوێ؟

گوتم:

ـ پرسیارێکی سەیرە.
ئاسییە بە تۆزە شەرمێکەوە گوتی:
ـ ڕاست دەکەی نەدەبوو پرسیاری وات لێ بکەم، وایە؟ ببوورە، من ڕاهاتووم زۆر قسە بکەم و چیم بێتە سەر زمان، نەیگێڕمەوە. هەر بۆیەش لە قسەکردنێ دەترسم.
ـ مەترسە، تۆخودا، چیت حەز لێیە بیڵێ. من زۆرم پێ خۆشە تۆ ئاخرییەکەی دەستت لەو نامۆییە هەڵگرت.
ئاسییە سەری داخست و لەسەرخۆ پێکەنی. قەتم پێکەنینی وا لێ نەدیبوو.
دوای ئەوە، لە حاڵێکدا جلەکانی ڕێك دەکردەوە و لەسەر ئەژنۆی گنجی دەکردەوە، گوتی:
ـ قسە بکە، یان شتێك بخوێنەوە. لەبیرتە ئەوێ ڕۆژێ هەندێ هۆنراوەی "ئۆنەگین"ی پووشکینت بۆ خوێندینەوە؟
ئەوجار لە فکرەوە ڕۆچوو و دوای ئەوە لەپڕێکا و لەسەرخۆ دەستی پێ کرد/
ـ لەوێ کە هەنووکە خاچ و سێبەری لك و پۆی داران
لە سەر دایکە چارەڕەشەکەی منە
گوتم:
ـ شیعری پووشکینە وایە.
هەروا کە لە فکرەوە ڕۆچووبوو، گوتی:
ـ حەزم لێ بوو من لەجێی تاتیانا دەبووم. دەی باشە تۆش شتێك بڵێ، چیرۆکێك بگێڕەوە.
بەڵام من خەیاڵم لە شوێنێکی دیکە بوو و تاقەتی هەقایەت گێڕانەوەم نەبوو. هەمو شتێك لە دەوروپشت و خوار و ژوورمان، بە شادمانییەوە دەدرەوشانەوە. ئاسمان و زەوی و ئاوی ڕووبارەکە و تەنانەت هەواش تژیی ڕووناکیی بوو.
بەدەست خۆم نەبوو، لەسەرخۆ گوتم:
ـ بڕوانە، چەنێ جوانە.
بەبێ ئەوەی سەیرم بکا، ئەویش لەسەرخۆ گوتی:
ـ بەڵێ جوانە. ئەگەر من و تۆ باڵندە بوایەین، ئێستا هەڵدەفڕین و لە ئاسمانێ لەنگەرمان دەگرت و لەو دەریا شینە بێ بنەدا نوقم دەبووین. بەڵام مخابن باڵندە نەبووین.
گوتم:
ـ بەڵام لەوانەیە بفڕین.

ـ دەڵێی چی؟ جا چۆن؟

ـ راوەستە، دەیبینی. جاری وایە هەستێك دەخزێتەگیانی بنیادەمەوە، کە بنیادەم دەفڕێنێ بۆ ئاسمان. راوەستە تۆش باڵ دەگری.

ـ باشە تۆ باڵت گرتووە؟

ـ ئەگەر راستیت دەوێ، نا، من تا ئێستا نەفڕیوم.

ئاسییە دیسان چۆوە فکرەوە. من تۆزێك خۆم بەلایدا نوشتاندەوە.

لەپڕ پرسیی:

تۆ دەزانی سەمای ڤاڵس کەی و خێرا بخولێیتەوە؟

تاوێك نەمزانی بڵێم چی و وەڵامم داوە:

ـ بەڵێ، دەزانم.

ـ کەوابوو هەستە با بڕۆین. داوا لە براکەم دەکەم، ئاوازێکی ڤاڵسمان بۆ بژەنێ... من و تۆش وای دادەنێین هەڵفڕیوین و باڵمان گرتووە.

بەرەو لای رووبارەکە رای کرد و منیش بە دوایدا و دوای خولەکێك لە ژووره تەسکەکەدا، بە ئاوازی شیرینی "لانەر" دەخولاینەوە. ئاسییە زۆر جوان و بەکەفوکوڵەوە سەمای ڤاڵسی دەکرد. لە پڕ حاڵەتێکی ناسکی ژنانە لە روخسارە شێلگیرە کچۆڵانەکەیدا دەرکەوت. تا ماوەسەك دەستم هەر بە لەشە نەرمەکەیەوە بوو، هێشتاش هەناسە توندەکەی بەر دەموچاوم دەکەوت و هێشتاش چاوە رەشە نیوە لێکنراوەکەیم لە روخسارە بزرکاو ـ بەلام تەواو هەژاوەکەیدا ـ دەدیت و پێچ و خەمی پەرچەمی هەر لەبەر چاوم بوو.

ئەو رۆژە بە دڵی من تێپەڕی * . وە منداڵان کەیفخۆش بووین. ئاسییە زۆر سادە و لەبەردڵان بوو. گاگین سەیری دەکرد و دڵی خۆش بوو. من درەنگ چوومەوە ماڵێ و لە رێی گەڕانەوەمدا هەر گەیشتمە نێوەڕاستی رووباری راین، داوام لە گەمییەوانەکە کرد، دەست لە گەمییەکە بە دەم ئاوەکەدا بدا و لێی گەڕێ ئاوەکە بیبا. پیرەپیاوەکە سەوڵەکانی هەڵکێشا و ئاوی رووبارە بەشکۆکە، لەگەڵ خۆیدا بردینی. سەیری دەوروبەری خۆمم دەگرت و گوێم هەڵدەخست و رووداوەکانی ئەو رۆژەم دێناوە پێش چاوم، لەو کاتەدا دڵەڕاوکێ و هەمێك لەپڕ بەرۆکی گرتم... سەرم هەڵێنا، هێمنیم بە ئاسمانیشەوە نەدی. ئاسمانیش بە ئەستێرە رەنگاورەنگەکانییەوە دەبزووت و دەلەرزی. داهاتمەوە بەرەو ئاوەکە... لە قووڵاییە تاریك و ساردەکەی ئەویشدا ئەستێرە لەرزۆکەکان جموجۆڵیان بوو. بۆ هەر لایەکت دەڕوانی جموجۆڵ و دڵەڕاوکێی پێوە بوو و منیش کەوتمە دڵەخورپەوە. بەسەر لێواری گەمییەکەدا شۆڕ بوومەوە... شنەی با و خوڕەی هێمنی ئاو لە پشتەوەی گەمییەکە تووڕەیان دەکردم و هەناسەی فێنکی ئاوەکەش دڵ و دەروونمی فێنك نەدەکردەوە، بولبولێك لە دەم رووبارەکە دەیچریکاند و دەنگە خۆشەکەی لەدڵم دەنیشت. چاوم پڕ ببوون لە فرمێسك. بەڵام ئەو فرمێسکە فرمێسکێك نەبوون، لە خۆشی و چێژێکی خۆڕاییەوە سەرچاوەیان گرتبێ. پێتان وانەبێ ئەوەی هەستم پێ دەکرد، ئەو هەستە تازە و نادیارە بێت، کە مرۆڤ ئەو دەمەی تازە رۆحی گەورە دەبێت و پێ دەگات، دەکەوێتە لەرینەوە و پێی وایە ئیتر لە هەموو شتێك تێدەگات و هەموو شتێکی خۆش دەوێ. بە هیچ جۆرێك. لە ناخی مندا ئاگری تینوێتی و تاسەباری و دڵخۆشی بڵێسەی دەستاند. هێشتا نەمدەوێرا ناوە راستەقینەکەی خۆی لەسەر ئەو خۆشییە دابنێم. دڵخۆشی، دڵخۆشییەك تا خۆم دەڵێم بەسە. ئەوە بوو ئەوەی دەمویست. ئەوە بوو ئەوەی چاوەڕوانی بووم... گەمییەکە بەسەر ئاوەکەدا دەڕۆیشت، پیرەپیاوە گەمییەوانەکەش خۆی دابووە سەر سەوڵەکانی و وەنەوزی دەدا.

---

* دەقی فارسییەکەی دەڵێ: ئەو رۆژە بە باشترین شێوە تێپەڕی. بەڵام من پێم وابوو ئەگەر رێك وای دانێمەوە، راستە ئەمانەتداریم کردووە بەڵام دەربڕێنەکەی هیچ رۆحێکی کوردانەی پێوە دیار نابێ. کورد کە شتێکی زۆر پێ باش یان خۆش دەبێ، دەڵێ، بە دڵمە. یان بەدڵی من بوو.

بۆ سبەینێکەی، کاتێ دەچوومە ماڵی گاگین، لە خۆمم نەدەپرسی، ئاخۆ ئاشقی ئاسییە بووم؟ بەڵام زۆرم بیر لەو دەکردەوە. سەربردەی ژیانی مێشکمی داگیر کردبوو و دڵم خۆش بوو بەوەی لەپڕ لێك نزیك بووینەتەوە. هەستم دەکرد هەر لە دوێنێوە ناسیومە. چونکە هەتا دوێنێ هەر خۆی لێ لادەدام. دوێنێ کە ئاخرییەکەی پریاسکەی دڵیی بۆ کردمەوە، دەموچاوی تیشك و رووناکییەکی وای تێگەڕابوو، لە ژیانمدا شتی وام نەدیتبوو و ئەوەش شەرم و شیرینییەکی سیحراوی و دڵگری پێ دەدا.

گورج و گۆڵ بە جادە ئاشناکەدا هەنگاوم دەنا و جار نە جارێك یسەیرێکی ئەو ماڵەم دەکرد وا لە دوورەوە سپی دەچۆوە. بیرم نەك لە داهاتوو، بەڵکو تەنانەت لە سبەینێی خۆشم نەدەکردەوە و زۆر کەیفخۆش و بەدەماخ بووم.

کە وەژوور کەوتم، ئاسییە سوور هەڵگەڕا. دیتم دیسان کراسێکی جوان و کەشخەی لەبەر دایە. بەڵام دەموچاوی خەمێکی پێوە بوو و لەگەڵ کراسەکەی یەکیان نەدەگرتەوە. بە پێچەوانەوە من زۆر گەش و لێو بە پێکەنین بووم. تەنانەت وام هاتە بەرچاو، کە بەپێی خدەی خۆی دەیەوێ را بکا. کەچی بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و لە ژوورەکە نەچووە دەر. گاگین کەفوکوڵ و جۆش و خرۆشێکی تایبەتی بەسەردا هاتبوو. لەو حاڵەتە سەیروسەمەرە و لە نەکاوانەی هونەرخۆشەویستەکان تووشی دەبن، ئەو دەمەی پێیان وایە "سروشتیان خستووەتە تەڵە و داوەوە." گاگین بە سەروقژی ئاڵۆز و جلوبەرگی رەنگاوییەوە، لەبەر تابلۆ نەقاشییەکەی راوەستابوو و قەڵەم فلچەکەی پێدا دێنا و لەو کاتەدا بە تۆزە تووڕەییەکەوە سەری بۆ لەقاندم. هەنگاوێك کاشەوە و بە چاوی قیچکراوەوە، سەیرێکی تابلۆکەی کردو دیسان هاتەوە پێشێ. من نەمویست لە کارەکەی بکەم و لە تەنیشت ئاسییە دانیشتم. چاوە رەشەکانی وردە وردە بەرەو لام وەرسووڕاند.

دوای هەوڵێکی زۆر بۆ ئەوەی زەردەخەنەیەك بێنمەوە سەر لێوی، گوتم:

ـ ئەمڕۆ هیچ وەك دوێنێ نی.

لەسەرخۆ و بە دەنگێکی کزەوە گوتی:

ـ وایە. راست دەکەی. بەڵام چ نییە. دوێ شەو باش نەنووستم، تا بەیانی هەر بیرم کردەوە.

ـ بیرت لە چی دەکردەوە؟

ـ ئاخ خ ، بیر لە زۆر شتان. من لە منداڵیمەوە وا راهاتووم، تەنانەت ئەو دەمەی لەگەڵ دایکیشم بووم.

ئاسییە زۆر بە زەحمەتەوە ئەو وشەیەی درکاند و جارێکی دیکەشی دووپاتە کردەوە:

ـ کەلەگەڵ دایکم بووم... هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە، کە باشە بۆچی کەس نازانێ ئاخرییەکەی چیی بەسەر دێ؟ تەنانەت جاری وایە بەڵا و نەهامەتییەکەش دەبینی، بەڵام ناتوانی خۆت رزگار بکەی. بیرم لەوە دەکردەوە، کە بۆچی هیچ کات ناکرێ حەقیقەت بە تەواوی بڵێی؟ دواتر بیرم لەوە کردەوە، کە هیچ نازانم و دەبێ بخوێنمەوە و فێر بم. زۆر خراپیان عاملاندووم*. دەبێ سەر لەنوێ پەروەردە بکرێمەوە. نە فێری پیانۆلێدانێکیان کردووم و نە چنین و کێشانەوەی نەخش و نیگارێکیش. تەنانەت دروومانی ئاساییش بەجوانی نازانم. هیچم لە دەست نایە. لەوانەیە ژیانێکی تاڵم هەبێ و هاوڕێیەتیم هیچ خۆش نەبێ."

"تۆ زۆرت لە خۆت توند کردووە. زوڵم لە خۆت دەکەی. تۆ زۆر شتت خوێندووەتەوە و باشیش پەروەردە کراوی و بەو ئەقڵ و زیرەکییەتەوە..."

قسەکەی پێ بڕیم و بە کونجکۆڵییەکی ئەوەندە منداڵانەوە پرسیی:

ـ من ژیر و زیرەکم؟

کە بەدەست خۆم نەبوو پێکەنینم هاتێ، بەڵام ئەو بزەشی نەهاتێ و شێلگیرانە لە براکەی پرسی:

ـ کاکە، تۆ خوا من زیرەکم؟

براکەی وەڵامی نەداوە و خەریکی کارەکەی خۆی بۆوە، پەیتاپەیتا فلچە قەڵەمەکانی دەگۆڕی و دەستی هەڵدێنا.

ئاسییە هەر بەو روخسارە بیرمەندانەیەوە درێژەی دا:

ـ جاری وایە خۆشم نازانم چیم لە مێشکی دایە، بەخوداجاری وایە لەخۆم دەترسم. ئاخ، چەندەم حەز لێ بوو... راستە دەڵێن ژنەکان نابێ کتێب زۆر بخوێننەوە؟

ـ زۆر پێویست نییە... بەڵام...

بە روویەکی گەش و خۆشباوەڕانەوە لێمی پرسی:

ـ دەی باشە پێم بڵێ بزانم دەبێ کتێبی چۆن بخوێنمەوە؟ چ بکەم؟ تۆ چ بڵێی هەر وا دەکەم.

نەمتوانی زوو وەڵامی بدەمەوە و بیرم دەکردەوە، کە دیسان گوتی:

ـ وەڕز نابی لەگەڵ من؟

ـ ئەو قسانە چین دەیانکەی؟

" دەی باشە، سوپاس. پێم وابوو وەڕەز دەبیت.

---

* عاملاندن: پەروەردەکردن و راهێنان.

دەستە ناسك و گەرمەکەی، توند دەستمی گوشی.

لەو کاتەدا گاگین بانگی کردم:

ـ "ن" پێت وانییە زەمینەی تابلۆکە زۆر تاریکە؟

چوومە لای. ئاسییە هەستا و چووە دەرێ.

ئاسییە دوای سەعاتێك هاتەوە، لە لاشیپانەی دەرگاكەدا راوەستا و بە دەست ئاماژەی بۆ من كرد. چوومە لای و گوتی:
ـ گوێ بدەیە، ئەگەر من بمرم، خەمی منت دەبێ؟
ـ ئەوە چ بكر و خەیاڵێكن ئەمڕۆ دەیانكەیەوە؟
ـ پێم وایە بەو زووانە دەمرم. جاری وایە، هەست دەكەم هەموو دەوروبەرم ماڵاوایيم لێ دەكەن. مردن لەو ژیانە زۆر باشترە. ئاخ، ئاوام سەیر مەكە، بە راستیمە. خۆم نانوێنم، ئەگەر بڕوام پێ نەكەی، دیسان لێت دەترسم و سڵ دەكەمەوە لێت.
ـ بۆ تا ئێستا لە من دەترسای؟
ـ ئەگەر مت پێ سەیر و سەمەرەیە، خەتای خۆم نییە، ئاخر ئەوەنییە هەر پێكەنینیشم نایە...
ئاسییە هەتا عەسرێ، هەروا خەمبار و لەفكردا بوو. فكر و خەیاڵێكی كەوتبووە سەری، نەمدەزانی چییە. بەر دەوام نیگای لە نیگام دەئالقا و دڵم بەو نیگا پڕ نهێنییانەی توند دەبوو و كزەی لە جەرگی دەهات. هێمن دیار بوو، بەڵام هەرچی سەیریم دەكرد، دەمویست پێی بڵێم هێمن بە، هەڵمەچۆ. سەیریم دەكرد و لە روخساری بزڕكاو و لە هەڵسوكەوتی لەنەكاو و لەسەرخۆیدا، جوانییەكی دڵڕفێنم دەدی.
بەڵام نازانم بۆچی ئەو پێی وابوو، من لێی زویرم و پێی وەڕەزم.
تاوێك بەر لەوەی بڕۆمەوە ماڵێ، پێی گوتم:
ـ گوێ بدەیە، پێم وایە تۆ من بە كەسێكی ئەقڵ سووك دەزانی، ئەوەش زۆرم ئازار دەدا... لەمەودوا هەر شتێكت پێ دەڵێم بڕوام پێ بكە و تۆش لەگەڵم ڕووڕاست و بێ پێچ و پەنا بە. من قەت درۆ ناكەم، بەڵێنی شەرەف دەدەم...
بەو "بەڵێنی شەرەفەی" پێكەنین گرتمی.
بە هەژانەوە گوتی:
ـ پێ مەكەنە. ئەگینا منیش، ئەوەت پێ دەڵێمەوە وا دوێنێ تۆ بە منت گوت:"بۆ پێدەكەنی؟"
دوای تاوێك بێدەنگی دیسان گوتی:
ـ لەبیرتە، دوێنێ باسی باڵگرتن و فڕینت دەكرد؟... ئێستا من باڵم گرتووە، بەڵام شوێنم نییە بۆ فڕین.
گوتم:
ـ ببوورە، هەموو رێگەكان بۆ تۆ ئاوەڵان.
لێم ورد بۆوە و نێوچاوانی تێك نا و گوتی:

ـ تۆ ئەمڕۆ خراپ لەمن دەڕوانی و بیر دەکەیەوە.

ـ من؟ خراپ بیرکردنەوە؟ لەبارەی تۆوە؟

گاگین قسەکەی پیێ بڕیم:

ـ ئەریێ بۆچی ئەمڕۆ هەردووکتان وا مرچ و مۆن و بیێ تاقەتن؟ حەز دەکەن ڤالسیێکتان بۆ لیێ بدەم؟

ئاسییە دەستی لێك هەڵپێکان و گوتی:

ـ نا، نا، ئەمڕۆ نا، بەهیچ جۆریێ...

ـ من ناچارت ناکەم، چۆن پیێ خۆشە با وابیێ...

ئاسییە دووپاتەی کردەوە:

ـ بەهیچ نرخێك.

ئیتر ڕەنگی هەڵبزڕکا.

***

کە گەیشتمەوە دەم ڕووبارەکە و شەپۆلی تار و بەهەڵپەی ڕووبارم دی، بەخۆمم گوت:"نەکا ئاشقم بووبێت."

سبەی بەیانیەکەی هەر لە خەوێ هەستام، بەخۆمم گوت:"نەکا ئاشقم بوو‌بێت؟" هیچ حەزم لێ نەبوو شتێك لەخۆم بپرسم و ناخی خۆم بکۆڵمەوە. هەر هەستم دەکرد، روخساری، روخساری "کچۆڵەیەك بە پێکەنینێکی رواڵەتییەوە" بووەتە نەخشی سەر دڵ و گیانم و وا زووش ناسڕدرێتەوە.

چوومە شاری "ل" و تا ئێوارێ لەوێ مامەوە، بەڵام تاوێك نەبێ، ئاسییەم هەر نەدی. دیار بوو ساغ نییە. سەری دێشا. پرێسکەیەکی لە نێوچاوانی بەستبوو و لاواز و بە رەنگێکی بزڕکاوە تاوێك هاتە لام، چاوی بە ئاستەم هەڵێنابوو و بە حاڵ بزەیەکی هاتێ و گوتی:

ـ هیچ نییە، چاك دەبمەوە. هەموو شتێك چاك دەبێ. وا نییە؟

ئەوەی گوت و دیسان رۆیشت.

خەمێکی قورس دایگرتم. بەو حاڵەشەوە نەمدەویست بڕۆم و بەجێیان بێڵم و ئاخرییەکەی بەبێ ئەوەی دیسان ببینمەوە، گەڕامەوە ماڵێ.

بەیانیی رۆژی دوایی، تۆزێك بێهێز بووم. دەمویست کارێك بکەم، دەستم بۆ هیچ نەدەچوو. دەمویست هیچ کارێك نەکەم و بیریش لە هیچ نەکەمەوە... ئەوەش نەکرا. ماوەیەك بە شاریدا گەڕام و هاتمەوە ماڵێ و دیسان چوومەوە دەرێ.

لە پڕ لە پشتەوەمڕا گوێم لە دەنگی کوڕیژگەیەك بوو:

ـ جەنابی "ن" تۆی؟

گەڕامەوە، کوڕیژگەیەك لە پێشمەوە راوەستا و گوتی:

ـ ئەوە خاتوو "ئانێت" بۆی ناردووی.

ئیتر نامەکەی دامێ.

کردمەوە و دەسبەجێ دەستوخەتە بەپەلەنووسراو و پڕ غەڵەتەکەی ئاسییەم ناسییەوە. نووسیبووی:

"دەبێ هەر بتبینم. ئەمڕۆ سەعات چوار، وەرە لای کلێسە بەردینەکەی تەنیشت کۆشکە رووخاوەکە. شەمڕۆ کەمتەرخەمییەکی گەورەم کرد... تۆ خوداکەت وەرە. هەموویت بۆ دەگێڕمەوە. هەر ئەوەندە بە کوڕیژگە نامەبەرەکە بڵێ:"باش"

کوڕیژگەکە پرسی:

ـ وەڵامی هەیە یان نا؟

گوتم:

ـ بڵێ، باش.

کوڕە بە غاردان گەڕاوە.

هاتمەوە ژوورەکەم. دانیشتم و لە فکرەوە ڕۆچووم. دڵم زۆر توند لێی دەدا. یادداشتەکەی ئاسییەم چەند جاران خوێندەوە. سەیرێکی سەعاتەکەمم کرد. هێشتا نەببووە دوازدە.

زۆری نەکێشا، دەرگاکە کرایەوە و گاگین هاتە ژوورێ. نێوچاوانی تێك نابوو. دەستمی گرت و چوند گوشیی. دیار بوو زۆر نیگەران بوو.

پرسیم:

- چ بووە؟

کورسییەکەی هێنایە پێشەوە و بەرەوڕووم دانیشت.

بە زۆری بزەیەکی هێنایە سەر لێوی و بە تەتەڵەوە گوتی:

- چوار ڕۆژ لەوە پێش بەو بەسەرهاتەی بۆم گێڕایەوە، سەرسامم کردی. ئەمڕۆ پتر سەرسام دەبیت. نەمدەتوانی لەگەڵ کەسی دیکە ئاوا بێ پێچ و پەنا قسان بکەم. بەڵام تۆ پیاوێکی دڵ و نیاز پاکی. دۆستی خۆمی. وا نییە؟ گوێ بدەیە: ئاسییەی خوشکم دڵی کەوتووەتە سەرت و خۆشی دەوێی.

هەموو گیانم کەوتە لەرزین و هەستام...

- دەفەرمووی خوشکەکەی تۆ...

قسەکەی پێ بڕیم:

- بەڵێ، بەڵێ، دەڵێیم شێتە و منیش وەك خۆی شێت دەکا. بەڵام ئەوەی باشە ئاسییە نازانێ درۆ بکا. قسەم لێ ناشارێتەوە. ئای لەو کچەتیوە چ دڵێکی لەکوڵ و بەجۆشی هەیە... ئاخرییەکەی خۆی لەناو دەبا. دڵنیام.

- بەڵام تۆ باشی بۆ نەچووی.

- دڵنیام باشی بۆ چووم و بەسەهوو نەچووم. دەزانی، دوێنێ، هەتا ئێوارێ بەجێوبان کەوت و دەمی لەهیچ نەدەدا و تەنانەت نەشیدەناڵاند... ئەو هەر ڕانەهاتووە بناڵێنێ و بنووزێتەوە. هەر بۆیەش من زۆر پەرۆشی نەبووم، ئەگەرچی لای عەسرێ هەندێ تای لێ بوو. بەڵام دەوروبەری سەعات دووی نیوەشەوێ خاتوونە خانەخوێیەکەمان بەخەبەری هێنام و گوتی:"سەرێك لە خوشکەکەت هەڵێنە، وەزعی باش نییە." ڕام کردە ژوورەکەی ئاسییە. دیتم هەر بە جلوبەرگەکەیەوە کەوتووە و وەك گڕی تەندوور داییسێ و فرمێسك هەڵدەوەرێنێ. سەری گەرم بوو، شەقەی ددانی دەهات.

لێم پرسی: چ بووە نەخۆشی؟ دەستی لە ئەستۆم کرد و دەپاڕاوە و دەیگوت: ئەگەر دەتەوێ لە خەم و خەفەتان نەمرم، با تا زووە لێرە بڕۆین. من تێی نەدەگەیشتم وهەر هەوڵم دەدا هێمنی بکەمەوە... بەڵام فرمێسکی وەك هەوری بەهار بوونە ڕێژنە و لە نێو قسەکانیدا بۆم دەرکەوت، ئاشقی تۆ بووە.
من و تۆ ژیر و بەبیرین و بڕوات بێ، هەر نازانین ئەو کچەتیوە چەندە هەستیارە و هەست و ئەشق قووڵەکەی چەندە بەهێزەوە لەناخیدا کڵپە دەستێنێ و وەك تۆفانێك لە ناکاوەو پێشی ناگیردرێ. تۆ کابرایەکی نازدار و خۆشەویستی، بەڵام بۆچی ئەو ئاوا دڵی چووەتە سەرت، هەر بۆم ناچێتەوە سەر یەك. دەڵێ هەر چاوی پێت کەوتووە، تۆی کەوتووەتە بەر دڵ. پێی وایە تۆ ئاگات لە ڕابردووی هەیە و بە چاوی سووکەوە سەیری دەکەی. لە منی دەپرسی ئاخۆ باسی ڕابردوویم بۆ تۆ کردووە یان نا؟ دیارە من حاشام لێ کرد، بەڵام ئەگەر ڕاستیت دەوێ زۆر هەستیارە و زوو تێ دەگا. تاقە یەك شتی لە من دەوێ، ئەویش ئەوەی زۆر زوو لێرە بڕۆین. دوێ شەوێ هەتا بەیانی لە ژوور سەری دانیشتم. گفتی لێ وەرگرتم لێرە بڕۆین، جا تۆزێك هێمن بۆوە و خەوی لێ کەوت. ماوەیەك بیرم کردەوە و بڕیارم دا لەو بارەیەوە قسەت لەگەڵ بکەم. پێم وایە ئاسییە ڕاست دەکا. وا باشترە هەردووکمان لێرە بڕۆین. من قایل بووم بەوەی لێرە بڕۆین، بەڵام ئەو فکرەم بە زەیندا هات و گێڕامییەوە. فکری ئەوەی... نازانم... بەشکم تۆش دڵت چووبێتە سەر خوشکەکەی من. بۆیە ئەگەر وابێ، من چۆن دەتوانم ئەوت لێ دوور بخەمەوە؟ بڕیارم دا لێت بپرسم...
سەرەڕای ئەوەش، گاگینی داماو تەریق بۆوە و گوتی:
ـ تکا دەکەم، لێم ببوورە. من هێشتا لەگەڵ ئەو ڕووداوە ئاڵۆز و ئەستەمانە ڕانەهاتووم.
دەستیم گرت و توند و قایم پێم گوتی:
ـ دەتەوێ بزانی ئاخۆ من خوشکەکەتم بەدڵە یان نا؟ بەڵێ، بەڵێ بە دڵمە.
گاگین سەیرێکی کردم و بە تەتەڵەوە گوتی:
ـ بەڵام، باشە تۆ نایخوازیت، وایە؟
گوتم:
ـ باشە چۆن دەتەوێ وڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە؟ خۆت بڵێ. چۆن دەتوانم دەسبەجێ...
قسەکەی پێ بڕیم:
ـ دەزانم، دەزانم. من هیچ مافی ئەوەم نییە داوای وەڵامدانەوەت لێ بکەم و پرسیارەکەشم زۆر بێ جێیە. دەی باشە ئەی چ بکەین؟ خۆ ئاگر بۆ گەمەی نابێ. تۆ ئاسییە ناناسی، ئەو ئەوەندە بێ ئۆقرەیە، لەوانەیە نەخۆش بکەوێ، ڕا بکا، یان ژوانێك لەگەڵ تۆ دابنێ... هەر کەسی دیکە لە جێی ئەو بوایە،

دەیتوانی نهێنییەکەی خۆی بشارێتەوە و دان بەخۆیدا بگرێ. بەڵام ئەو وا نییە. چارەڕەشییەکەشی هەر لەوەی دایە، کە یەکەم جارێتی ئاشقی یەکێك دەبێ. ئەگەر ئەمڕۆ چاوت پێی کەوتبایە، جا دەتزانی بۆ ئەوەندە نیگەران و بەپەرۆشم.

من کەوتمە بیرکردنەوە. قسەکەی گاگین:"ژوانێکت لەگەڵ دابنێ." جەرگی بڕیم. زۆر عەیب دەبوو ئەگەر بەبێ پێچ و پەنا وەڵامی ئەو بێ پێچوپەنایی و راستگۆییەی ئەوم نەداباوە.

گوتم:

ـ تۆ راست دەکەی. سەعاتێك لەوەپێش نامەیەکی خوشکەکەتم پێ گەیشت. ئەوەتا.

گاگین نامەکەی لێ وەرگرتم، خێرا خوێندییەوە و دەستی کەوتە سەر ئەژنۆکانی. سەرسامبوونەکەی بۆ قاقاکێشانێك دەبوو. بەڵام من لەوکاتەدا هەموو دونیاشیان دابامێ پێکەنینم نەدەهات.

گاگین گوتی:

ـ دووپاتەی دەکەمەوە، تۆ بە راستی کابرایەکی بە شەرەفیت. دەی باشە ئێستا چ بکەین؟ سەیرە؟ ئاسیا ئیتر نایەوێ لێرە بێ و نامەش بۆ تۆ دەنووسێ. لە لایەکی دیکەشەو خۆی لۆمە و سەرکۆنە دەکا، کە بۆچی پارێزی نەکردووە... پێم سەیرە، ئەو نامەیەی کەی نووسی و بۆتی نارد؟ چیی لێت دەوێ؟

من هێمنم کردەوە و ویستمان لەسەرخۆ، ئەوەندەی دەکرا، بزانین چیمان پێ دەکرێ.

ئاخرییەکەی زەینمان بەوە گەیشت، بۆ ئەوەی پێش بە هەر چەشنە رووداوێکی نەخوازراو و ناخۆش بگرین، وا باشترە من بچمە لای ئاسییە و راستگۆیانە قسەی لەگەڵ بکەم. واشمان دانا، گاگین لە ماڵێ بەجێ بمێنێ و هیچ بە رووی خۆی نەهێنێ، کە ئاگای لەو نامەیەیە، تا عەسرێ دیسان یەکتر دەبینینەوە.

گاگین دەستمی گوشی و گوتی:

ـ من زۆر هیوام بەتۆیە. تکا دەکەم، ئاگات لە هەردووکمان بێ.

کە هەستا، ئەوەشی لە قسەکانی زیاد کرد:

ـ بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئێمە سبەی دەڕۆین. چونکە تۆ ئاسییە ناخوازیت.

گوتم:

ـ هەتا ئەمڕۆ دوانیوەڕۆم دەرفەت بدەنێ.

ـ فەرموو، بەڵام پێم وا نییە تۆ بیخوازیت.

گاگین وەدەر کەوت، منیش لەسەر نیوکورسییەکە درێژ بووم و چاومم لێك نا. سەرم لەگێژەوە دەهات، چونکە بیر و خەیاڵێکی زۆر، لە نەکاو هرووژمیان بۆ هێنابووم. بۆ راستگۆییەکەی گاگین بەداخ بووم و بەزەییم بە ئاسیەشدا دەهاتەوە. بە ئەشقەکەی هەم دڵخۆش بووم و هەمیش شەرمەزاری بووم. هەر بۆم

نەدەچۆوە سەر یەك، چ شتێك ناچاری کردبوو، هەموو شتێك بۆ براکەی بگێڕێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، پێم ناخۆش بوو کە دەبێ لەپڕێکدا و خێرا بڕیار بدەم و ساغ ببمەوە.

کە هەڵدەستام، بەخۆمم دەگوت:"چۆن دەکرێ کچۆڵەیەکی حەڤدە ساڵانە بەو خولق و خووەوە بخوازی؟"

لە کات و سەعاتی دیاریکراودا لە راین پەڕیمەوە و یەکەم کەس کە لە دەم چۆمەکە تووشی بووم، هەر ئەو منداڵە بوو، دوێنێ بەیانی هاتبووە لام. دیار بوو لەوێ چاوەڕێم بوو. لەسەر خۆ گوتی:

ـ ئەو نامەیەی خاتوو ئانێتم بۆ هێناوی.

ئاسییە ژوانگەکەی گۆڕیبوو و ئاگاداریشی کردبوومەوە. من دەبوو دوای سەعات و نیوێکی دیکە، لەبری ئەوەی بچمە لای کلێسە بەردینەکە، بچمە ماڵی خاتوو لویزا. لە دەرگای نهۆمەکەی خوارەوە بدەم و بچمە نهۆمی سێیەم.

کوڕە پرسیی:

ـ بڵێم دیسان گوتی "باشە؟"

گوتم:

ـ بەڵێ.

بە دەم رووبارەکەدا رۆیشتم. کاتی ئەوە نەبوو بچمە ماڵەکە. حەزیشم لێ نەبوو بە شەقام و کۆڵاناندا بگەڕێم. لە پشت دیوارەکەی شارەوە، باخێکی لێ بوو. باخچەکە کەپرێکی تێدا دروست کرابوو، بۆ یاریی "حوکم" و بیرەخواردنەوە. چوومە ئەوێ. چەند پیرەپیاوی ئەڵمانی خەریکی گەمە بوون. گۆی چێوین، بە تەقە تەق بەسەر یەکدا دەکەوتن و لە نەکاو دەنگی ئافەرم و بژی بژیی گەمەکەرەکان هەڵدەستا. خزمەتکارێکی ژیکەڵە و جوان بە چاوی بەفرمێسکەوە بیرەیەکی بۆ هێنام. تا ویستم سەیری بکەم، رووی لەولا کرد و دوور کەوتەوە.

ئەو پیاوە قەڵەوە سوورهولەی لە نزیکمەوە دانیشتبوو، گوتی:

ـ بەڵێ، بەڵێ، "گالخەن" ئەمڕۆ زۆر خەمبارە، دەسگیرانەکەیان بردووە بۆ سەربازی.

من سەیریم کرد، کچەکە لە گۆشەیەکەوە دانیشت و روومەتی خستە سەر لەپی دەستی، فرمێسکی بەنێوان پەنجەکانی هەڵوەرین. پیاوێك داوای بیرەی کر، کچە بۆی هێنا و دیسان چۆوە جێیەکەی خۆی. خەمەکەی ئەو، بەرۆکی منیشی گرت و کەوتمەوە بیر ئەو ژوانەی چاوەڕوانی بووم و بیر و خەیاڵمی ئاڵۆز کردبوو. نەمدەتوانی بە دڵێکی ئاسوودەوە بچمە ئەو ژوانە. دەبوایە خۆم لەبەر ئەو شادی و عەشقە دوو لایەنەیە راگرم و ملکەچی نەبم، هاوکات دەبوو بەڵێنەکەی خۆشم بەرمە سەرێ و ئەرکە دژوار و سەختەکەی خۆم راپەڕێنم. قسەکەی گاگین کە گوتی :"بۆ گاڵتەپێکردن نابێ." وەك تیرێك جەرگی بڕیم. چوار رۆژ لەوە پێش، لە یەکێك لەو "گەمی"یانەی بەسەر شەپۆلەکانەوەیە، تینووی ئەشق و شادی بووم. ئەو کاتەش کە بەخت و شادی رووی تێ کردم، دوودڵ بووم و لەخۆمم دوور دەخستەوە... لەنەکاوبوون و

کتوپڕییەکەی دەیترساندم. دەبێ دان بەوەدا بنێم کە ئاسیەی خۆی، ئەو کچۆڵە دڵگر و سەیر و سەمەرەیەش، بەو سەرە پڕ خەیاڵ و دڵە بەکوڵەیەوە، بە ژیانی رابردووی و پەروەردەکەیەوە، دەیترساندم. ماوەیەك، هەست و خەیاڵ و فکری جۆراوجۆر لە ناخمدا پێکەوە شەڕیان بوو. کاتە دیاریکراوەکە خەریك بوو دەگەیشت.

ئاخرییەکەی بەخۆمم گوت:"ناتوانم زەماوەندی لەگەڵ بکەم، ئەو هەر ناشزانێ من خۆشم دەوێ."

هەستام. دراوێکی زیوینم دایە "گالحەن"ی داماو. (ئەو هەر سوپاسێکیشی نەکرد) و چوومە ماڵەکەی لوویزا. سێبەری ئێوارە خەریك بوو هەموو ئاسمانی دادەگرت و تەنیا هێڵێکی باریك بە ئاسمانەوە کە کەوتبووە سەر شەقامەکەوە، بەتیشکە سوورەکەی خۆری دەمی زەردەپەڕ سوور هەڵگەڕابوو. لەسەرخۆ لە دەرگاکەم دا. دەسبەجێ کراوە. وەژوور کەوتم و کەوتمە نێو تاریکییەوە.

گوێم لە دەنگی پیرەژنێك بوو:

ـ فەرموون بۆ ئێرە، چاوەڕێتن.

بە دەستەکوتە دوو هەنگاوێك چوومە پێشێ، دەستێکی لاواز و رەق و تەق دەستمی گرت.

پرسیم:

ـ تۆ خاتوو لویزایت؟

هەر ئەو دەنگە وەڵامی دامەوە:

ـ بەڵێ، لاوە جوانەکەی من.

پیرەژن لە پلیکانەیەکی رژدەوە بردمییە سەرێ و لە دالانەکەی نهۆمی سێیەمدا راوەستا. لەبەر رووناکییەکی کز، کە لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە دەهاتە ژووێ، دەموچاوە چرچ و لۆچەکەی بیوەژنەکەی شارەوانیم دی. زەردەیەکی ناشیرین لێوە چرچ و شۆڕەکانی لێك رەواندبۆوە و چاوە کزەکانی قیچ کردبوو. پیرەژنە دەرگایەکی تەسکی نیشانم دا. بە دەستی لەرزۆکم دەرگاکەم کردەوە و وەژوور کەوتم و پێوەم داوە.

ژوورەکە بچووك و تا رادەیەك تاریك بوو و نەمتوانی دەسبەجێ ئاسییە ببینم. ئاسییە لە لای پەنجەرەکەوە لەسەر کورسییەك دانیشتبوو و ملپێچێکی درێژی بەسەر شانیدا دابوو و وەك مەلێکی ترساو رووی لەولاوە کردبوو و دەموچاوی لە من دەشاردەوە. هانکەهانکی بوو و دەلەرزی. بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. لێی چوومە پێشێ، پتر رووی وەرگێڕا.

گوتم:

ـ ئانا نیکلایۆنا.

لەپڕ قیت بۆوە و ویستی سەیرم بکا. نەیتوانی. دەستیم گرت. دەستە سارد و سڕەکەی کەوتە نێو دەستمەوە.

ئاسییە لە حاڵێکدا هەوڵی دەدا زەردەیەکی بێتێ و لێوە بەبارەکانی نەدەپشکووتن، گوتی:

ـ من دەمویست... دەمویست... نا، ناتوانم قسە بکەم.

جا هەر بەراستی زمانی تەتەڵەی دەکرد و قسەکانی پچڕپچڕ دەکردن. لە تەنیشتییەوە دانیشتم و گوتم:

ـ ئانا نیکلایۆنا.

منیش لەوە پتر قسەیەکم پێ نەکرا و بێدەنگ بووم.

ماوەیەك هەر دووکمان بێدەنگ بووین. من دەستیم هەر وا بە دەستەوە بوو و سەیریم دەکرد. ئاسییەش پتر خۆی کۆ دەکردەوە، بە ئاستەم هەناسەی دەکێشا و لێوی خوارەوەی دەکرۆشت، بۆ ئەوەی نەگریێ و فرمێسکی لووزەو نەبەستن... سەیرم دەکرد و لەو بێ جووڵەیی و هێمنییە شەرمنانەیەیدا سڕوساردییەکم دەدی، دڵی بەردی دەتاواندەوە. دەتگوت لە شەکەتی و ماندوویەتی بە زەحمەت خۆی گەیاندووەتە کورسییەکە و خۆی خستووەتە سەری. ئاگرم بۆی تێبەردەبوو.

بە هێمنی بانگم کرد:

ئاسییە:

لەسەرخۆ سەری هەڵێنا و سەیری کردم... ئەی نیگای کچۆڵەی ئاشق، کێ دەتوانێ تاریفت بکا؟ نیگای دەپاڕایەوە، پرسیاری دەکرد و نەیدەهێشت فرمێسکی لووزەو ببەستێ... خۆم لەبەر ئاگری بەتینی ئەو نیگایەی رانەگرت. ئاگری خۆشەویستی دڵمی هەڵچزاند. سەرم دانواند و دەستیم ماچ کرد...

گوێم لە دەنگی ئاخ هەڵکێشانی بوو و دەستە بێهێزەکەی ـ کە دەتگوت گەڵایەکە و دەلەرزێتەوە ـ بەسەروقژمدا دێنا. ترس و شەمنییەکەی رەوییبوونەوە. سەیری جێیەکی زۆر دووری دەکرد و منیشی بە شوێن خۆیدا پەلکێش دەکرد. لێوەکانی تۆزێك لێك کردبوونەوە، نێوچاوانی دەتگوت مەڕمەڕە و

پەرچەمی لەسەر شان و ملی لوول ببوو و دەتگوت "با" لەسەر دەموچاوی لای دابوو. هەموو شتێکم لەبیر چووەوە و کێشامە لای خۆم. لە پێشدا دەستەکانی کەوی و دەستەمۆ بوون. ئەوجار داهاتەوە و ملپێچەکەی لە شانی خزی و نەرم و هێدی سەری بە سینگمەوە نووسا و لە بن لێوەکانمدا ئۆقرەی گرت... بە ئاوازێك، کە بەئاستەم گوێم لێی دەبوو، گوتی:

ـ گراوییەکەت* ...

دەستم خەریك بوو دەبووە پشتوێنی قەدی، کە یادی گاگین وەك بریسکەیەك لەبەر چاوم بلێسەی دا.

گوتم:

ـ ئەوە چ دەکەین.

بە نارەحەتییەوە و بێ ئەوەی ئاگام لێ بێ، کشامەوە و دیسان گوتم:

ـ براکەت... ئاگای لە هەموو شتێکە... دەزانێ هاتوومەتە ژوانی تۆ.

ئاسییە لەسەر کورسییەکە بەربۆوە.

هەستام و چوومە گۆشەکەی دیکەی ژوورەکە و لەسەر قسەکەم رۆیشتم:

ـ بەڵێ، براکەت ئاگای لە هەموو شتێکە... ناچار بووم هەمووی بۆ باس بکەم.

ـ ناچار بووی؟

ئاسییە ئەوەی دووپاتە کردەوە و دیار بوو هێشتا وەخۆ نەهاتووەتەوە و جوان گوێی لە قسەم نییە.

بەتوورەیی و بێ بەزەییانە گوتم:

ـ بەڵێ، بەڵێ، ناچار بووم، و لەوەشدا هەر تۆ خەتاباری. هەر تۆ. باشە بۆچی نهێنییەکەتت لەقاو داوە؟ کێ تۆی ناچار کردبوو هەموو شتێك بە براکەت بڵێی؟ براکەت ئەمڕۆ هات لام و چیت بۆ باس کردبوو، هەمووی بۆ گێڕامەوە.

هەوڵم دەدا چاوم لە چاوی ئاسییە نەئاڵقێ و بە هەنگاوی بەرز ئەمسەروئەوسەری ژوورەکەم دەکرد.

ئاسییە ویستی هەستێ.

گوتم:

ـ دانیشە. تکا دەکەم دانیشە. تۆ لێرە لەگەڵ کابرایەکی بەشەرەف بەرەورووی. بەڵێ، بنیادەمێکی بەشەرەف., هەر بۆیە تۆ خودا پێم بڵێ نیگەرانی چی بووی؟ ئاخۆ گۆڕانێکت لە مندا بەرامبەر خۆت

---

* گراوی: ماشقە، مەعشووقە... خۆشەویست. هێمن دەفەرموێ:"دێم گراوی خۆم لە باوەش وەرگرم...

هەست پێ کرد، کە ئەو دیدارەی ئەمڕۆت ڕێك خست؟ بەڵام من، کە براکەت هاتە لام، نەمتوانی هیچ شتێکی لێ بشارمەوە.

دوای ئەوە بەخۆمم گوت:"ئەو قسانە قۆڕ و بێ مانایانە چین دەیانکەم؟" خەریك بوو گێژ دەبووم، کە بیرم دەکردەوە لەوەی من کابرایەکی فێڵباز و ناپاکم و من گاگینم لەو ژوانە نهێنییەمان ئاگادار کردەوە و ئیتر هەموو شتێك ئاشکرا بووە و تێك چووە.لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی هێمن و ترساوی ئاسییە بوو:

ـ من بانگی براکەمم نەکرد بێتە لام و نەشمدەویست هیچی پێ بڵێم، ئەو خۆی هاتە لام.

گوتم:

ـ هەرچۆنێك بێ، ئەوە دەبینی چ گووکارییەکت کردووە؟ ئێستاش دەتانەوێ لەو شارە بڕۆن...

دیسان هەروا لەسەرخۆ وەڵامی دامەوە:

ـ بەڵێ، دەبێ لەو شارە بڕۆم. هەر بۆیەش تکام لێ کردی بێیە ئێرە، بۆ ئەوەی ماڵاوایيت لێ بکەم.

ـ گوتم تۆ پێت وایە، دابڕان لە تۆ بۆ من زۆر ئاسانە؟

ئاسییە بە سەرسامی و واق وڕماوییەوە دووپاتەی کردەوە:

ـ باشە چ پێویست بوو هەموو شتێك بە براکەم بڵێی؟

ـ خۆ پێم گوتی، من نەمدەتوانی شتێکی دیکە بڵێم. ئەگەر خۆت نهێنییەکەتت ئاشکرا نەکردبایە...

بە دڵێکی سادەوە گوتی:

ـ من دەرگام لەسەر خۆم داخستبوو و نەمدەزانی خاوەن ماڵەکە کلیلێکی دیکەی هەیە و دەیداتە براکەم...

ئەو پاکانە و پاساوەی ئەو بە دڵێکی پاکەوە، چیی نەمابوو لەو ساتەدا دەهریم بکا... بەڵام ئێستا کە وەبیرم دێتەوە، وەختە ئاگرم لە جەرگی بەر بێ و بەزەییم پێیدا دێتەوە. کچۆڵەی سادە و لێقەوماو و دڵپاك.

گوتم:

ـ دەی باشە، ئێستا هەموو شتێك بڕایەوە، هەر ئەوەندە ماوە، لێك دابڕێین.

ئیتر لە بنەوە سەیرێکی ئاسییەم کرد... سوور هەڵگەڕا. هەستم دەکرد، تۆقیوە و شەرمیش دەکا لەوەی من دەمگوت و دەیبیست. من هەروا ئەمسەروئەوسەرم دەکرد و وەك بنیادەمێکی "تا" لێهاتوو وڕێنەم دەکرد و دەمگوت:

ـ تۆ نەتهێشت ئەو ئەشق و خۆشەویستییەی خەریك بوو هەڵیدەدا و گەشەی دەکرد، پێ بگا. تۆ هەودای ئەو خۆشەویستییەت پساند کە نێوانماندا بوو. متمانەت بە من نەبوو، گومانت لێم هەبوو...

کاتێ ئەوانەم پێ دەگوت، دەمدی ئاسییە جار بە جار پتر خۆی بەرەو پێشەوە دەنوشتێنێتەوە. لە پڕ ئەژنۆی دادا، سەری خستە نێوان دەستی و دەستی کرد بە گریان. رام کردە لای و هەوڵم دا هەڵیستێنم. بەڵام ئەو خۆی بوارد. پێویستە بڵێم خۆم لەبەر فرمێسکی ژن راناگرم و دەسبەجێ کارم تێ دەکا و سەرم لێ دەشێوێ.

پێم گوت:

ـ ئانا نیکلایۆنا، ئاسییە، تکا دەکەم، لەبەرت داپاڕێمەوە، تۆ خوداکەت مەگریێ...

دیسان دەستیم گرت.

ئەوەشم بەلاوە سەیر بوو، کە ئاسییە لە پڕ هەستا و بە پڕتاو بەرەو دەرگاکە غاری دا و وەدەر کەوت.

دوای چەند خولەکێك، کاتێ خاتوو لویزا هاتە ژووری، من هەروا، وەك لە کارەبایان دابێم، پێم بە عەرزییەوە وشك ببوو. هەر نەمدەزانی ئەو دیدارە چەندە خێرا و چەندەش بێ مانا و کەرانە تەواو بوو. لە حاڵێکدا من ئێستاشی لەگەڵ بێ، لەو هەزار قسەیەی لەدڵم دابوو و دەبوو پێی بڵێم، هەر یەك قسەشم پێ نەگوتبوو و خۆشم نەمدەزانی ئەو مەسەلەیە چۆن دەبڕێتەوە و ئەو قسانە بەکوێ دەگەن.

خاتوو لویزا، لە حاڵێکدا برۆ زەردەکانی هەتا گنج و چرچی نێوچاوانی هەڵێنابوو، پرسیی:

ـ خاتوون رۆیشت؟

منیش وەك بنیادەمێکی گەمژە سەیرێکی ئەوم کرد و وەدەر کەوتم.

لە شاری وەدەر کەوتم و ڕێگای دەشتەکەم گرتە بەر. داخ و مخابن و کەسەرێکی بەتین و سووتێنەر، ئاگری لە هەناورم بەر دەدا... زۆرم خۆم سەرکۆنە دەکرد، کە بۆچی و چۆن تێنەگەیشتم کە چ شتێك ئاسییەی ناچار کردبوو ژوانگەکە بگۆڕێ؟ بۆچی نرخو بۆ ئەو فیداکاری و لەخۆبوردووییەی ئاسییە دانەنا، کە بەو هەمووە زەحمەتەوە خۆی گەیاندبووە ماڵی ئەو پیرەژنە؟ بۆچی هێشتم ئاسییە بڕوا؟ لەو ژوورە نیوەتاریك و تەریکەدا، هەر خۆم و ئەو، ئەو وزە و هێزە لەکوێوە لەمندا سەری هەڵدا، کە ئەو لەخۆم بتۆرێنم و تەنانەت سەرکۆنەشی بکەم... دەچوومە هەر کوێ، روخساری لەبەر چاوم بوو و داوای لێبوردنم لێ دەکرد. یادی روخسارە بزرکاوەکەی، چاوە سرکە پڕ لە فرمێسکەکانی، پەرچەم و زولفە رەشە پەخش و پەرێشانەکەی سەر شان و ملی، سەری کە لەسەر سینگم ئارامی گرتبوو، ئاگری تێ بەردەدام.

قسەکەی"گراوییەکەی تۆ..." لە گوێمدا دەزرینگایەوە. بەوە سووکناییم بەخۆم دەدا کە"من بە قسەی ویژدانم کرد." بەڵام ترسنۆکانە درۆم لەگەڵ خۆم دەرد. چونکە خۆم هەر نەمدەویست ئاوا کۆتایی بێ. چما دابڕان لەو بۆ من هەروا سووك و سانا بوو؟ بە تووڕەیی و بێزارییەوە بەخۆمم دەگوت:"شێتە، گەمژە، کەرە..."

شەو بەسەردا دەهات. بە هەنگاوی خێرا بەرەو ماڵی ئاسییە کەوتمە رێ.

گاگین هەر چاوی پێم کەوت، بە پیلمەوە هات و لە دوورەوە هەرای کرد:

ـ خوشکەکەمت دی؟

پرسیم:

ـ بۆ نەهاتۆتەوە؟

ـ نا.

ـ هێشتا نەهاتۆتەوە ماڵێ؟

ـ نا، ببوورە خەتای منە. نەمتوانی دان بە جەرگمدا بگرم و بە پێچەوانەی قەول و بەڵێنەکانمان چوومە کلێسە بەردینەکە. لەوێ نەمدیت، دیارە نەچووەتە ئەوێ.

ـ بەڵێ، ئاسییە نەچووبووە ئەوێ.

ـ کەواتە تۆ نەتدیتووە؟

دەبوو پێی بڵێم کە دیتوومە.

ـ لە کوێ؟

ـ لە ماڵی خاتوو لویزا. سەعاتێك لەوە پێش لێك دابڕاین. پێم وابوو هاتۆتەوە ماڵێ.

ـ دەی باشە، دیسان رادەوەستین.

چووینەوە ماڵێ و لە تەنیشت یەکەوە دانیشتین. هەردووکمان بێدەنگ و خەفەتبار بووین. ماوەیەك سەیری یەکترمان دەکرد و چاومان لە دەرگای ژوورەکە بڕیبوو و لەسەر هەست بووین. ئاخرییەکەی گاگین هەستا و گوتی:

ـ ئیتر خەریکە تێدەپەڕێ. دڵم خراپ کەڵکەڵە دەکا. وەڵڵاهی ئەو کچەتیوە ئاخرییەکەی من دەکوژێ. با بچین بزانیی لە کوێیە، بیدۆزینەوە.

لە ماڵێ وەدەر کەوتین. ئیتر هەوا تاریك ببوو.

گاگین لە حاڵێکدا کڵاوەکەی دێنایە سەر برۆی، پرسیی:

ـ لەگەڵ ئاسییە باسی چیت کرد؟

ـ من هەر پێنج خولەك لەگەڵی بووم. چۆنمان دانابوو وام قسە لەگەڵ کرد.

گاگین گوتی:

ـ یەك شت، وا باشترە هەر کەس بەلایەکدا لێی بگەڕێین، لەوانەیە زووتر بیدۆزینەوە. هەرچۆنێك بێ دوای سەعاتێك وەرەوە ئێرە.

من دەسبەجێ لە رەزەکەوە بەرەوخوارێ داگەڕام و خۆم گەیاندە شاری. بە هەڵپە هەموو شەقام و کۆڵانەکان گەڕام و سەرم بە هەموو کون و کاژێرێکدا* کرد، تەنانەت ماڵەکەی خاتوو لویزاش. دوایی بەرەو رووبارەکە گەڕامەوە و بەدەم رووبارێدا غارم دا... جار جارێ تووشی ژنێك دەبووم، بەڵام ئاسییە لە هیچ کوێ نەدی. ئیتر بەزەیی و دڵسۆزیی بەدڵمدا نەدەهات. ترسێکی شاراوەم لە دڵیدا بوو، نەك هەر ترسیش، بگرە پەشیمانی و داخ و کەسەری دڵ تاوێنی ئەشق، قووڵترین ئەشق. دەستمم لێك دەخشاندن و لە تاریکاییەکەی شەودا بانگی ئاسیەیم دەکرد. لە پێشدا هێمن و لەسەرخۆ و دواتر یەك بەخۆم هەرام دەکرد. زوو زووش بەخۆمم دەگوت لە ناخی دڵمەوە خۆشم دەوێ، سوێندم دەخوارد، کە هەرگیز لێی جوێ نابمەوە، ئامادە بووم هەرچی هەمە بە قوربانی ئەوی بکەم، بۆ ئەوەی بتوانم جارێکی دیکە دەستە ساردەکەی بگرمەوە، جارێکی دیکەش گوێم لە دەنگە هێمنەکەی ببێتەوە، جارێکی دی لە تەنیشت خۆمی ببینمەوە...

ئەوەندەم لێ نزیك بوو، بە بڕیارێکی لێبڕاوانەوە و بە دڵێکی پاك و بێخەوش و پڕ لە هەست و ئیحساس هاتە لام و گەنجێتییە بێگەرد و شەقڵ نەشکاوەکەی خۆی بۆ من هێنا... بەڵام من لە باوەشم نەگرت و خۆمم بێ بەش کرد، لە چێژی سەیرکردنی روخسارە دلڕفێنەکەی، کە چۆن لە خۆشییان و گەش گەش و هێمن و بێدەنگ دەپشکوێ.... ئەو خەیاڵانە شێتیان دەکردم.

نوقمی پەژارە و بێهوایی بەخۆمم دەگوت:"تۆ بڵێی چووبێتە کوێ؟ چیی بەسەر خۆی هێناوە؟" لە پڕ قەڵافەتێکی سپی لە دەم رووبارەکە بەرچاوم کەوت. ئەوەم دیتبوو و دەمناسی. لەوێ، لەسەر گۆڕی بنیادەمێك، کە حەفتا ساڵ لەمەوبەر لە رووبارەکەدا خنکابوو، خاچەبەردینەیەك و کێلێك بە نووسراوێکی کۆنەوە چەقێنرابوون. بەندی جەرگ و دڵم پسا... بەرەو خاچەکە رام کرد. قەڵافەتە سپییەکە لەبەر چاوم ون بوو. هەرام کرد:

ـ ئاسییە.

لە هاواری وەحشیانەی خۆم ترسام. کەس وەڵامی نەدامەوە.

وام بە باشتر زانی بگەڕێمەوە و بزانم ئاخۆ گاگێن دۆزیویێتەوە یان نا.

---

*کاژێر: قوژین. کەلێن. کون. بەداخەوە بەشێك لە میدیاکانی کوردستان کاتژمێریان کردووە بە کاژێر، چونکە کوردی نازانن پێیان وایە راستە.

لە حاڵێکدا وەك بای شەماڵ بە ڕێگای باخە ڕەزەکەدا بەرەو ژوور غارم دەدا، سەیرم کرد ژوورەکەی ئاسییە رووناکە، ئەوە تۆزێك نیگەرانییەکەی ڕەواندمەوە.

لە ماڵەکە نزیك بوومەوە، دەرگای خوارەوە داخرابوو. لە دەرگام دا. پەنجەرەی نهۆمە تاریکەکەی خوارەو بە پارێزەوە کرایەوە. گاگین سەری هێنا دەرێ. لێم پرسی:

ـ دۆزیتەوە؟

لەسەرخۆ گوتی:

ـ خۆی گەڕاوە، ئێستا لە ژوورەکەیەتی، جلوبەرگەکانی دادەکەنێ، ناڕەحەت مەبە.

بە شاگەشکەییەوە گوتم:

ـ زۆر شوکر، زۆر شوکر، باش بوو. دەزانی، ئێمە دیسان دەبێ قسان بکەینەوە.

بۆ کاتێکی دیکە، بۆ کاتێکی دی، جارێ خودات لەگەڵ بێ.

گوتم:

ـ تا بەیانی، سبەینێ بڕیار دەدەین.

گاگین دیسان گوتی، خودات لەگەڵ.

ئیتر پەنجەرەکەی پێوە دا.

چیی نەمابوو لە پەنجەرەکە بدەم. دەمویست هەر ئەو کاتە پێی بڵێم دەمەوێ خوشکەکەت بخوازم و زەماوەندی لەگەڵ بکەم. بەڵام زەماوەند ئەویش لەو وەزعەدا!... بە خۆمم گوت:"بەیانی، سبەینێ دەبمە کەسێکی بەختەوە..."

سبەینێ بەختەوەر دەبم. بەختەوەری سبەینێ و دوێنێی نییە، بەختەوەری دوێنێی هەر لە بیر نییە و بیر لە سبەینێش ناکاتەوە. بەختەوەری ئەمڕۆی لەبیرە و تەواو ـ ئەویش نەك یەك ڕۆژ ـ بەڵکو تاقە ساتێك.

لەبیرم نییە ئەو شەوەم لە شاری "ز" چۆن ڕۆژ کردەوە. نەك بە پێ و نەك بە "گەمی"یش، بەڵکو بە شاباڵێکی بەهێز دەفڕیم. بولبولێك لەسەر چڵە دەوەنێك دەیچریکاند، ڕاوەستام و گوێم لە چریکە ئاوازەکەی هەڵخست، دەتگوت گۆرانیی ئەشق و بەختەوەریی من دەچڕێ.

بۆ بەیانی، کە لە ماڵەکەی ئاسییە نزیك دەبوومەوە، سەرم لە رواڵەت و وەزعی ماڵەکە سوورِ ما. چونکە هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵەکە لەسەر پشت بوون و کاغەز بەملاو بەولادا بڵاو ببوونەوە. خزمەتکارەکە گەسکی لێ دەدا و کاغەزەکانی دەماڵی.

لێی چوومە پێشێ.

بەر لەوەی لێی بپرسم، ئاخۆ گاگین لە ماڵێیە، خزمەتکارەکە گوتی:

ـ رۆیشتن.

بەبێ ئەوەی بەدەست خۆم بێ، دووپاتەم کردەوە:

ـ رۆیشتن؟... یانی چی رۆیشتن؟ بۆ کوێ چوون؟

ـ سەعات شەشی بەیانی رۆیشتن. نەیانگوت دەچنە کوێ. راوەستە، تۆ دەبێ جەنابی "ن" بی؟

ـ بەڵێ.

ـ نامەیەکیان لای ژنەی خاوەن ماڵ بۆ بەجێ هێشتووی.

خزمەتکارەکە چووە سەرێ و نامەکەی هێنا:

ـ فەرموون.

ـ مەحاڵە... باشە شتی وا چۆن دەبێ؟

خزمەتکارەکە بە سەرسامییەوە سەیرێکی منی کرد و خەریکی گەسك لێدانەکەی خۆی بۆوە.

نامەکەم کردەوە، دەستوخەتی گاگین بوو. ئاسییە تاقە وشەیەکیشی تێدا نەنووسیبوو. گاگین نووسیبووی" تکا دەکەم، پێت ناخۆش نەبێ ئاوا لەپڕ رۆیشتین. دڵنیام بەو پێیەی تۆ کەسێکی بەئەزموون و پێگەیشتووی، بەو بڕیارەمان رازی دەبی. هیچ رێگەیەکی دیکەمان نەبوو بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی خەریك بوو دەگەیشتە جێی ناسك و مەترسیدار. دوێنێ ئێوارێ ئەو دەمەی هەردووکمان بە بێدەنگی و نیگەرانییەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئاسییە بووین، بۆم دەرکەوت ناچارین بڕۆین. هەندێ دابونەریت و عورف و عادەت هەن، کە من رێزیان دەگرم و دەشزانم بۆچی تۆ ناتوانی لەگەڵ ئاسییە زەماوەند بکەی. ئاسییە باسی هەموو شتێکی بۆ کردم. لە پێناو هێمنیی ئەودا ناچار بووم داوای بەردەوام و شێلگیرانەی وەدی بێنم." لە کۆتایی نامەکەدا نووسیبووی، زۆر بەداخم ئاشنایەتییەکەمان وا زوو کۆتایی هات. بە ئاواتی بەختەوەریتم. بە گەرموگوڕی و خۆمانە دەستت دەگوشم و داوات لێ دەکەم بە شوێنماندا نەدەگەڕێی.

هاوارم کرد:

ـ کام دابونەریت و عورف و عادەت؟ ئەو قسە قۆڕ و بێتامانە چین؟ کێ بۆی هەیە ئەوم لێ بستێنێ...
سەرم خستبووە نێوان دەستەکانمەوە و دەمگوشی.
خزمەتکارەکە ترسا و بانگی خاوەن ماڵەکەی کرد. ترسەکەی ئەو وەخۆی هێنامەوە. بە مێشکمدا هات کە دەبێ بکەومە شوێنیان. دەبێ هەرچۆنێك بێ بیاندۆزمەوە. خۆم لەبەر ئەو زەبرە گورچوبڕە رانەدەگرت و مەحاڵیش بوو لەگەڵ ئەو دابڕانە رابێم. لە قسەکانی خاوەن ماڵەکەوە تێگەیشتم کە بە پاپۆڕ بەرەو خوارووی رووباری راین داگەڕاون و رۆیون. چوومە نووسینگەی پاپۆڕەوانی. گوتیان بلیتی تا شاری کۆڵنیان بڕیوە. چوومەوە ماڵێ بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانم خڕ بکەمەوە و دەسبەجێ بکەومە شوێنیان. کە بە لای ماڵی خاتوو لویزادا تێدەپەڕیم، یەکێك بانگی کردم. سەرم هەڵێنا و لە پەنجەرەی ئەو ژوورەوە وا دوێنێ لەوێدا ئاسییەم دیت، بیوەژنەکەی شارەوانم دیت، کە بە زەردەخەنە قێزەونەکەیەوە بانگی دەکردم. رووم لێ وەسووڕاند و ویستم بڕۆم، دیسان بانگی کردمەوە و گوتی، نامەیەکم پێیە بۆت. بەو قسەیە راوەستام و چوومە ماڵەکەی. کە دیسان چاوم بەو ژوورە کەوتەوە، ئای کە چیم بەسەر هات...
پیرەژنە کوتە کاغەزێکی نیشان دام و گوتی:
ـ قەول وابوو ئەگەر خۆت بێیە ئێرە جا ئەو نامەیەت بدەمێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ گەنجێکی نازداری، بۆیەش بانگم کردی وەریگری.
نوسراوەکەم وەرگرت.
لەسەر کوتە کاغەزێك بە قەڵەم و بەپەلە نووسیبووی:
"بە خودات دەسپێرم، تا هەتایە یەکتر نابینینەوە. پێت وانەبێ لووتبەرزی ئەو کارەی پێ کردم، نا، رێگەیەکی دیکەم لەبەردەم نەبوو. دوێنێ، کە لە تەنیشت تۆوە فرمێسك هەڵدەوەراند، ئەگەر یەك قسە، تاقە یەك قسەت کردبایە، دەمامەوە و نەدەرۆیشتم. بەڵام نەتکرد. کەوابوو رۆیشتنەکەم باشتر بوو. خودات لەگەڵ بۆ تا هەتایە."
تاقە یەك قسە... ئاخ، کوڕە هەر بەراستی چەندە گەمژە و بێ ئەقڵ بووم. خۆ رۆژی بەر لە فرمێسك هەڵوەراندنەکە ئەو قسەیەم دەکرد، لە دەشت و دەر دووپاتەم دەکردەوە و لە خۆڕا بە دەم "با"مدا دەدا... کەچی بەخۆیم نەگوت کە ئاشقتم و خۆشم دەوێی... بەڵام ئاخر لەو ساتەدا نەمدەتوانی لای خۆی وا بڵێم. کە لەو ژوورە شوومەدا چوومە لای، هێشتا لێم روون نەبوو ئاشق بووم. تەنانەت ئەودەمەی لەگەڵ براکەشی، بەبێدەنگی و خەفەتبار دانیشتبووم، هێشتا ئاگری ئەشقەکەی لەدڵم نەگەڕابوو... هەر چەند ساتێك دوای ئەوەی بەشوێنیدا گەڕام و لە هەموو لایەکەوە بانگیم کرد، لەو ترسانەی نەکا لە کیسم بچێ و شتێکی بەسەر هاتبێ، لەو کاتەدا ئەشق بە تین و هێزێکی لەرادەبەدەرەوە دڵ و گیانمی داگرت...

بەڵام تازە درەنگ ببوو. لەوانەیە پێم بڵێن:"شتی وا کردەنی نییە." نازانم دەکرێ یان نا. ئەوەندە دەزانم، ئەوە حەقیقەتێکە، کە ئەگەر تۆسقاڵێك ناز و عیشوە لە ئاسییەدا هەبوایە، یان ئەگەر باری بنەماڵەکەی ئاوا نەبوایە، لەوانەبوو نەڕوا. ئەوەی کچان بە شێوەیەکی دیکە دەیانتوانی قەبووڵی بکەن، ئاسییە پێی قەبووڵ نەدەکرا، من ئەوەم نەزانی. لە دوا دیدارمدا لەگەڵ گاگینیش، لە بەر پەنجەرە تاریکەکە، ئەقڵ و هۆشە کرچ و کاڵەکەم نەیهێشت ئەشقە بەخەبەرهاتووەکەم ئاشکرا بکەم و ئەو هەودا ناسکەی کە هێشتا دەمتوانی خۆمی پێ بگرمەوە، لە دەستم خزی.

هە ئەو ڕۆژە دەسبەجێ جانتام هەڵگرت و چوومە شاری "ل" و بەرەو کۆڵن وەڕێ کەوتم. لەبیرمە، کاتێ پاپۆڕەکە دەکەوتە رێ، من هێشتا خەیك بوو ماڵاوایی لەو کۆڵان و شوێنانە دەکەم کە نەدەبوو هەرگیز لەبیریان بکەم. تەنانەت "گالخەن"یشم دی، کە لە دەم رووبار لەسەر نیو کورسیەك دانیشتبوو. رەنگی بە روخسارەوە نەبوو، بەڵام پەژارە و خەفەتی پێوە دیار نەبوو. گەنجێك لە لایەوە راوەستابوو و بە پێکەنینەوە شتێکی بۆ دەگێڕاوە. لە کەنارەکەی رووبەڕووشمەوە، پەیکەرەی مەریەم هەروا خەمبار لە نێوان لك و پۆی پیرەدارەکەوە دەیڕوانی.

لە شاری کۆڵن، هەندێ زانیاریم لە بارەی گاگینەوە بەدەست هێنا و لێم روون بۆوە ئەو چوونەتە لەندەن. منیش بەدوایاندا رۆیشتم، بەڵام لە لەندەن چەندی گەڕام نەمدیتنەوە. ماوەیەك لە سۆنگەی ئەو دابڕانەوە حەجمینم لەبەر هەڵگیرابوو. ماوەیەك هەر پێداگر بووم، کەچی ئاخرییەکەی بە ناچاری هیوام بە دۆزینەوەیان نەما.

ئیتر نەمدیتنەوە. ئیتر ئاسییە نەدۆزییەوە. جاروبارە هەواڵێکی گرنگم لە بارەی گاگینەوە دەبیست، بەڵام ئاسییە هیچ شوێنەواری دیار نەبوو. تەنانەت ناشزانم ئاخۆ ئێستا ماوە یان نا. چەند ساڵێك دواتر، لە دەرەوەی وڵات، رۆژێکیان لە شەمەندەفەردا تووشی ژنێك هاتم، کە دەموچاوەکەی هەموو ئاکاری لەبیرنەکراوی ئاسییەی بیر خستمەوە... بەڵام زانیم وێکچوونە بەرێکەوتەکە بەسەهووی بردووم. ئاسییە، هەر وەك چۆن لە باشترین کات و ساتی ژیانمدا ناسیبووم، هەر وەك چۆن دوایین جار کە دیتم لەسەر کورسیە کورتە دارینەکە سەری داخستبوو، لە زەینمدا ماوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، با ئەوەش بڵێم، خەمی دابڕانی ئاسییە نەك ماوەیەکی کورت، بەڵکو ماوەیەکی ئێجگار زۆر هەر ئازاری دەدام. تەنانەت پێم وابوو چارەنووس بڕیارەکەی بەجێ بوو، کە من و ئاسییە بۆ یەك نەبووین. بەو فکرەوە دڵی خۆمم دەداوە، کە لەوانەبوو لەگەڵ وەها ژنێك هەرگیز رووی بەختەوەریم نەدیتبایە. بەڵام ئەو کات کە ئەو خەیاڵانەم بە مێشکیدا دەهاتن گەنج بووم ـ و داهاتوو، داهاتووی کورت و تیژتێپەڕ، لەبەر چاوم هەمیشەیی و تاهەتایی بوو. بەخۆمم دەگوت، ئەوەی لەکیس چوو، لە داهاتوودا لەو باشتریش بەدەست دێنمەوە... بەڵام، گەلێ ژنی دیکەم تووش بوون و ناسیمن ـ کەچی ئەو ئەشقەی ئاسییە لەمندا گووراندی*، ئەو ئەشقە بەتینە، ئەو ئەشقە پاك و بێگەردە، هەرگیز بەلامدا نەهاتەوە. نا! هیچ چاوێك نەیتوانی جێی ئەو چاوە بگرێتەوە کە بە ئەشقێکی گیانبەخش و ئاگرینەوە ساتێك سەیرێکی کردم. تا ئێستاش دڵم، بۆ هیچ کام لە دڵی ئەو ژنانەی دوای ئەو کەوتوونە سەر سینگم، بەو خۆشی و شیرینییەوە لێی نەداوە. وەك بنیادەمێکی بێ خانەوادە و بێ ماڵ و حاڵ، لە وەزعێکی نالەبار و خەفەتباردا دەژیم. نامەکانی ئاسییە و گوڵە وشکەکەی، هەر ئەو گوڵەی لە پەنجەرەوە بۆی بەردامەوە، وەك شتێکی پیرۆز و متفەڕك لای خۆم رادەگرم. ئەو گوڵە هێشتاش بۆنێکی هەر دێ، بەڵام ئەو دەستەی پێی دام، ئەو دەستەی تەنیا جارێك توانیم بۆ دەمی بەرم و ماچی بکەم، لەوانەیە دەمێك بێ لە گۆڕدا پوابێ... ئەی خۆشم چیم بەسەر نەهاتووە؟ منیش لەو هەمووە رۆژە پڕ لە خۆشی و

---

* گووران: شینبوونەوە، سەوزبوونەوە. چرۆکردن. زیندووبوونەوە.

دڵەڕاوکێ و ئەو هەمووە هیواو و ئاوات و ئارەزوو و بەرزەفڕییەم، کوا چیم بۆ ماوەتوە. تۆزە بۆنێکی گوڵێکی بێ بایەخ، کە دوای تێپەڕینی شادی و خەمەکانی ئینسان، تەنانەت دوای تێپەڕینی ئینسانەکەش هەر هێشتا زیندووە.

٢٠١٣/٢/٨